# گۆڕانی کۆمەڵایەتی

نوسینی

چـواس حســن

کوردستان ـ هەولێر

تەموزی ٢٠١٠

ناوی کتێب: گۆڕانی کۆمەڵایەتی
نووسەر: چواس حسن
تیراژ: ١٢٥٠

## ناوەرۆك


چوارچێوەی بابەت ........................................ ٥

١- پێشینەی مێژوویی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ٧

٢- پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ١٠

٣- خەسڵەتەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ١٤

٤- لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ١٥

٥- جیاوازی نێوان چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چەمکە نزیکەکانی ١٦

٦- جۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ٢٣

٧- هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ٢٤

٧-١: هۆکارە سروشتیەکان ........................ ٢٧

٧-٢: هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ........................ ٣٨

٧-٣: هۆکارە سیاسیەکان ........................ ٤٤

٨- تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ٤٨

٨-١: تیۆرە کلاسیکیەکان (فەلسەفیەکان) ........................ ٤٩

٨-٢: تیۆرە نوێیەکان (سۆسیۆلۆجیەکان) ........................ ٥٥

٩- ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی ........................ ٦٦

# چوارچێوەی بابەت

هەمیشە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شان بە شانی ئەجندا سیاسیەکەی، ئەجندایەکی کۆمەڵایەتیشی هەبووە، چونکە سەرکردەکانی بەباشی دەرکیان بەوە کردوە لایەنە سیاسیەکانی ژیانی کۆمەڵگا لە لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی، نەك هەر جیا ناکرێنەوە، بگرە گۆڕانی سیاسی بەبێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی مەحاڵیشە.

لەو چوارچێوەیەشدا، شۆڕشی ئەیلول نموونەیەکی زیندووە، چونکە تا ئێستاش، هاوتای دەستکەوتە سیاسیەکانی، ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەی، ئەو شۆڕشە، لە ژیانی کوردەواریدا، لە ڕووی یەکسانی ڕەگەز و چین و توێژەکان و دادپەروەری و فرەیی و ......هتد بەرقەراری کرد، لەنێو کۆڕو کۆبوونەوەی خەڵکی کوردستان و لە دووتوێی کتێب و نامەی ماستەر و دکتۆراکاندا وەك لایەنی سەرەکی دەستکەوتەکانی شۆڕش ئاماژەیان پێ دەدەرێت.

لەدوای ڕاپەڕینیش، ئەزموونی هەرێمی کوردستان تەنها نێوەرۆکێکی سیاسی و ئابووری نەبووە، بەڵکو گۆڕانی کۆمەڵایەتیش لایەنێکی گرنگی ئەو ئەزموونە پێك دەهێنێت، بۆیە ئاشنا بوون، لانی

کەم بەلایەنە تیۆریەکەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، نـەك تـەنها هۆیەکـە بـۆ تێگەیشتن لـەو گۆڕانەی کە دەگوزەرێ، بەڵکو بنەمایەکیشە بۆ ئەوەی هەمووان، بەهۆشیارییەوە، بەشداریەکی کارا بکەین لـەو ئەزموونـەدا و بـەرەو ئاقارێـك ببیـەین، کـە دەرەنجـامی پەسـند و ویـستراوی لـێ بکەوێتەوە.

لەوەشـەوە، دەتـوانین خوێنـەری کـورد بـە لایەنـە تیـۆری و ووردەکاریەکانی بابەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاشـنابکەین، لـە رێگـەی خاڵە سەرەکیانەی ئەم نامیلکەیە.

## ١) پێشینەی مێژوویی

هەمیشە دیاردەی گۆڕان جێگای سەرنجی مرۆڤ بووە، دەکرێت گۆڕانە سروشتیەکانیش یەکەم دیاردە بووبن کە لە لایەن مرۆڤەوە تێبینی کرابن و خەیاڵ و هزریان وروژاندبێت، بۆیە مرۆڤ هەوڵی داوە لێکدانەوەی میتۆلۆژی ئەفسانەییان بۆ بکات و لە چوارچێوەی لاهوتدا شیکردنەوەیان بۆ بکات.

هیراقلیتس(٥٤٠-٤٧٥ پ.ز) هەوڵی داوە لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیدا، سەرنجی مرۆڤ، بۆ یاسا گشتیەکانی گۆڕان، کە حوکمی هەموو شتێك دەکەن، ڕابکێشێت، کاتێك دەڵێت (مرۆڤ ناتوانێت دووجار قاچ بخاتە یەك ڕووبارەوە، چونکە ڕووبارەکە لە نێوان دوو هەنگاودا دەگۆڕێت)[1]. بە واتای گۆڕان یەکێکە لە یاسا بنەڕەتیەکانی وجود، وجودیش لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە لە جوڵە و گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

پاشان بۆچوونی فەیلەسوف و هزرمەندانی دیکە، دەربارەی گۆڕان، بەشێوەیەکی ڕوونتر سەری هەڵداوە، ئەفلاتون(٤٢٧-٣٤٧پ.ز) پێی وابوو، ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی، دەرەنجامی ئەو گۆڕان و پەرەسندنانەیە کە لەمەو پێش بەسەریدا هاتووە، (ئەرستۆ)ش (٣٨٤-٣٢٢پ.ز) زنجیرەیەك پەرەسەندنی، کە دەوڵەت و کۆمەڵگای سیاسیان لێ کەوتۆتەوە، خستەڕوو. (ئیبن خەلدون)یش،

---

[1]- د. أحمد زايد و دكتورة اعتماد علام، التغير الاجتماعي، ط٢، مكتبة الأنجلو المصرية، ٢٠٠٠، ص١٤.

هەوڵێکی جدی داوە بۆ دیاری کردنی یاساکانی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی لە کۆمەڵگاکاندا[1].

پاشـان، وەك ئـەنجامی کێشمەکێـشەکانی نێـوان بـیری لاهـوتیی کەنیسە و بیری زانستی، کە لە سـەدەی حەڤدەهەمـەوە تونـدتر بـوو، هـەروەها لـە ئـەنجامی دەرکـەوتنی سیـستەمی بـۆرژوایی و چـاخی رۆشنگەرایی (عصر التنوير) لە سـەدەی هەژدەهەمـدا، فەیلەسـوف و زاناکانی وەك (تۆماس هۆبز، جۆن لۆك، ژان ژاك ڕۆسۆ)، تێگەیـشتنی مرۆڤیان، بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بـردە قۆنـاغ و ئاسـتێکی نوێـوە و، مرۆڤیان وەك کارئەکتەرێکی پۆزەتیڤ، کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێـت لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، نیشاندا.

بـەواتای مرۆڤـ بوونەوەرێکـە دەتوانێـت لـە ڕێگـەی عـەقڵ و هـەنگاوی هۆشمەندانـەوە، گـۆڕان لـە بـارودۆخی مـاددی و ڕۆحـی کۆمەڵگاکەیدا بکات و بـە ئاراسـتەیەکی پۆزەتیڤـدا بیگورێـت، نـەك ملکەچ و دەستەوسان بێت لەهەمبەر گۆڕانکاریەکاندا و مل بدات بـۆ چارەنووسێکی حەتمی کە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیـەوە نەخـشەی بـۆ کێشرابێت.

کەواتـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی، یەکێکـە لـەو بابەتـە گرنگـە کۆمەڵایەتیانەی، کە ماوەیەکی دوورودرێـژە، فەیلەسـوف وهزرمەنـدان تێبینیان کردوە و بیریان لێ کردۆتەوەو بۆچوون و تیۆریان لـە بـارەوە داناوە، لەو چوارچێوەیەشـدا سـەرمایەیەکی هـزری کەڵەکـە بـووە و

1- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٥.

پێگەیشتوە و بووەتە بنەمایەکیش بۆ تێگەیشتنی ئێستای مرۆڤ بۆ دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

هەرچەندە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی (التغيير الاجتماعي)، بەو شێوەیەی کە ئێستا مەبەستە، لەساڵی ١٩٢٢ەوە لە لایەن (وێلیام ئۆگبێرن W.Ogburn)ەوە بەکارهێنراوە، بەڵام لەسەرەتای سەرهەڵدانی زانستی کۆمەڵناسییەوە، لە سەرەتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، بابەتی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) یەکێك بووە لە بابەتە گرنگانەکانی ئەو زانستە و زاناکانی کۆمەڵناسی سەدەی نۆزدەم، وەك (ئۆگست کۆنت، هێربرت سپنسر، ئەمیل دۆرکهایم، ماکس ڤەیبەرو....هتد) باسیان لێوە کردوە و هەوڵیان داوە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وئاراستەکانی لێك بدەنەوە و دیاری بکەن، لەو پێناوەشدا تێوری جیاجیان دارشتوە[1].

لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو چەمکەکانی دیکەی وەك پەرەسەندن (التطور)، پێشکەوتن (التقدم) ....هتد یان بەکارهێناوە[2].

---

1- د. عبدالحميد على سعيد البرزنجي، دور ثورة أيلول ١٩٦١- ١٩٧٥ فى حركة التغير الاجتماعي، ط١، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك -كوردستان العراق ، ٢٠٠٧، ص٤٢-٤٣.

2- د. زايد و د.علام، المصدر السابق، ص١٧.

## ٢ ) پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

لەڕاستیدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی، وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر لەسەر کۆمەڵگا، خەسڵەتێکی داینەمیکی و سەرچاوە و هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. سەرەڕای ئەوەش یەکێك لە خەسڵەتە جێگرەکانی بریتییە لەوەی کە تێکڕاو بڕی ڕوودانی گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بگرە لەناو خودی کۆمەڵگایەکیشدا لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکەی، جیاوازە. بۆیە ئەگەر ئەوە هۆکارێك بووبێت بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکاتە بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخی فەیلەسوف و زانایان، لە هەمان کاتدا، هۆکارێکیش بووە بۆ ئەوەی، کە تا ئێستا، نەتوانراوە پێناسەیەکی سەرتاپاگیر و پەسند بەلای هەمووانەوەی بۆبکرێت[١].

بۆیە تێبینی دەکرێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی چەندین پێناسەی جیاجیای، بەپێی جیاوازی قوتابخانە کۆمەڵناسیەکان، بۆ کراوە، لەوانەش هەندێك لە زانایان جەخت دەکەنەوە لەسەر گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی، هەندێکی دیکەشیان لە گۆشەنیگای ئەرکەکانەوە پێناسەی دەکەن، یان ئاستی جیاجیای بۆ دادەنێن، یان زیاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر توخمی کات لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا....هتد کە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی، پێناسەکان دابەش بکەین بەسەر پێنج ئاراستەی بنەرەتیدا، وەك خوارەوە[٢]:

---

1- د. عبدالحميد البرزنجي ، المصدر السابق، ص٤٤.

2- د. زايد و د.علام، المصدر السابق، ص١٨ومابعدها.

**أ- ئەو پێناسانەی کە جەخت لەسەر گۆڕانە هەیکەلیەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە.**

بریتین لەو پێناسانەی کە گرنگی بە گۆڕانکاریە مەزنەکانی ناو کۆمەڵگا دەدەن. ئەو گۆڕانانەی کە لە ماوەیەکی دووروودرێژدا ڕوودەدن و کاریگەریەکی فراوانیان لەسەر هەیکەلە بنەڕەتیەکانی بونیادی کۆمەڵگا، وەك خێزان، هەیە.

کەواتە ئەم پێناسانە ئاماژە بە گۆڕانکاریەکانی بونیادی کۆمەڵگا، وەك قەبارەی کۆمەڵگا و پێکهاتەی بەشەکانی و هاوسەنگی نێوان ئەو بەشانە دەکەن، بۆ نموونە بچووك بوونەوەی قەبارەی خێزان، گۆڕان لە توێژە پیشەییەکانی ناو کۆمەڵگادا. گینزبێرك Ginsberg و ولبێرت مور W. Moore لە نموونەی زاناکانی ئەو ئاراستەیەن.

**ب- ئەو پێناسەی جەخت لەسەر ئەرکەکان دەکەنەوە.**

فرەنسیس ئەلین F. Allen لە نموونەی زانایانی ئەو ئاراستەیەیە، کە پێیان وایە هەر سستەمێکی ناو کۆمەڵگا، ئەرك و فەرمانێکی دیاری کراوی هەیە، کاتێکیش گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕودەدات، تەنها سستەمە بنەڕەتی و لقیەکان (الفرعیە) ناگرێتەوە، بەڵکو ئەرك وفەرمانەکانیشیان دەگرێتەوە.

بەواتای دەکرێت، بەپێی چۆنیەتی ڕوودانی گۆڕانەکە و هوکارەکانی، سیستەمەکە، لە بە جێگەیاندنی فەرمانەکانیدا چالاك ببێت، یان لاواز ببێت.

**ج- ئەو پێناسانەی جەخت لەسەر ئاستە جیاجیاکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە.**

بەپێی ئەو ئاراستەیە، کە روبێرت لاور R. laur نموونەیەکیەتی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ئاستی بونیادی کۆمەڵگا و سروشتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناوی دادەنێت، پاشان لەسەر ئاستی ئەرکی سیستەمەکان، لە کۆتاییشدا لەسەر ئاستی تاکەکان، کاریگەری دادەنێت. بەواتای گۆڕان بریتییە لە پرۆسەیەکی گشتگیر،کە دەکرێت لەو ئاستانەوە لێ بڕوانین، کە لەوانەیە تا ئاستی گۆڕانە جیهانیەکان Global، کە لەسەر ئاستی جیهان دەردەکەون، درێژببێتەوە.

**د- ئەو پێناسانەی گرنگی بە توخمی کات لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەدەن، لەگەڵ جەخت کردنیان لەسەر توخمە بونیادی و فەرمانییەکان (العناصر البنائية و الوظيفية):**

بەپێی ئەم ئاراستەیە، کە نیسبێت R. Nisbet یەکێکیانە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکە لە ماوەیەکدا ڕوودەدات، و بەبێ کات گۆڕان ڕوونادات. بە مانای گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتی یە لە ژمارەیەك پرۆسەی یەك لە دوای یەك، لە ماوەیەکی دیاری کراودا، شێواز و جیاوازی جۆراو جۆر لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکەن، کە دەبنە هۆی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنە ڕۆشنبیری و کەلتوریە جیاجیاکانی وەك بەها و پێوەر و باوەڕەکان.

**هـ- ئەو پێناسانەی گرنگی بە خەسڵەتە جیاجیاکانی گۆڕان یان بوارە جیاجیاکـانی وەك (گـۆڕانی ئیکۆلـۆجی، گـۆڕانی ئـابووری و سیاسی، گۆڕانی کەلتوری....هتد) دەدەن:**

بەزۆری ئـەو پێناسـانە جیـاوازی دەکـەن لـە نێـوان دوو جـۆری گۆڕاندا: گۆڕانی کۆمەڵایەتی (پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیـەکان)، گـۆڕانی کەلتوری (بەهاو باوەڕەکان). بەگشتی، دەتوانین لە چوارچـێوەی ئـەم پێناسانەی سـەرەوەدا، پێناسـەی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـەم شـێوەیەی خوارەوە بکەین:

گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەر گۆڕانێك، کە لە ڕووی فەرمان و بەها و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان، لە ماوەیەکی دیاری کـراودا، بەسـەر بونیادی کۆمەڵایەتیدا دێـت. دەکرێـت گۆڕانەکـە بـەرەو پێـشکەوتن بێت، دەشکرێت بەرەو دواکەوتن بێت[1]، بە واتای مەرج نیە گـۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەمیشە بە شێوەیەکی ڕەها، بەرەو پێشکەوتن یـان بـەرەو دواکەوتن بێت، هەروەها دەکرێت گۆڕانەکە لەخۆوە (تلقـائي) بێـت، دەشکرێت بەپێی پلانێك بێت. لەوانەیە گۆڕان هێـواش و لەسـەرەخۆ بێت، یان بە پێچەوانەوە خێرا و شۆڕشگێرانە و ڕیشەکێش بێت.

1- د. محمد عبدالمولي الدقس، التغير الاجتماعي بين النظرية و التطبيق، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ٢٠٠٥، ص١٩.

### ٣ ) خەسڵەتەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

گـــای روچـــێر Guy Rocher خەســـڵەتە ســـەرەکیەکانی گـــۆڕانی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کردوە[1]:

١- گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی گـشتییە، لـە نێـو ژمارەیـەك لـە تاکـەکانی کۆمەڵـدا ڕوودەدات و کاریگـەری دەبێـت لەسـەر شێوازی ژیان و بیروبۆچوونیان.

٢- گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بونیادی کۆمەڵایـەتی Social Structure دا ڕوودەدات، بـەواتای کاریگـەری لەسـەر هەیکـەلی سـستەمی کۆمەڵایەتی دادەنێت، وەك ئەو گۆڕانانەی لە بونیادی خێزان، یان سستەمی ئابووری یان سستەمی سیاسیدا ڕوودەدن.

٣- گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەردەوامیی هەیە و لەو ڕێگەیەشـەوە دەرکـی پیْ دەکرێت و ڕەهەندەکانی دیـاری دەکرێـت، بـەواتای گـۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەردەوامبوونیەوە ڕوون دەبێتەوە و هەسـتی پێدەکرێت.

٤- هەرچەندە دیاری کردنـی سـاتەوەختێك بـۆ دەسـتپێك و کۆتـایی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایـەتی کـارێکی زەحمەتـە، بـەڵام گـۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ماوەیەکی دیـاری کـراودا ڕوودەدات، بـە واتـای پرۆسەیەکە سەرەتایەکی هەیە و لە کاتێکی دیاریکراویشدا کۆتایی دێت. پێوانی گۆڕانەکەش لە ڕێگەی بـەراوردکردنی ڕابـردوو بـە سەردەمەوە دەکرێت.

---

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص١٦.

## ٤) لێکوڵینەوە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی

بەپێی بۆچوونی ستیڤن ڤاگۆ S. vago ، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لەخۆوە یان بەپێی پلانێك بێت، چەندایەتی یان چۆنایەتی بێت، دەکرێت لە ڕێگەی دیاریکردنی شەش لایەنی بەیەکەوە پەیوەستەوە، لێکولێنەوەی لە بارەوە بکرێت، کە بریتین لە مانەی خوارەوە[1]:

١- **جۆری گۆڕان یان ناسنامەکەی**: جۆری گۆڕان بە واتای ئەو دیاردانەی لە پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا، دەکەونە بەر کاریگەری گۆڕانەکە وەك هەڵسوکەوتی رۆژانە، رەفتار، ئاراستەکان، دیاردەکانی کارلێکردن، بونیادی دەسەڵات، سستەمەکانی کۆمەڵایەتی و... هتد.

٢- **ئاستی گۆڕان**: ئاماژە بۆ ئەو ئاستە دەکات کە گۆڕانی تێدا ڕوودەدات. ئاستەکانی گۆڕانیش لە تاکەوە بۆ گروپ و بۆ ڕێکخراوەکان تا سەرجەم کۆمەڵگا پلە پلە کراوە.

٣- **ماوەی گۆڕان**: ئاماژە بۆ ماوەی گۆڕانەکە، لە ڕووی کاتەوە، دەکات. هەندێك گۆڕان لە ماوەیەکی کورتدا، هەندێکی دیکەشیان لە ماوەیەکی دووروودرێژدا ڕوودەدەن.

٤- **ئاراستەی گۆڕان**: ئاماژە بۆ ئاراستەی گۆڕانەکە دەکات لە ڕووی ئەوەی بەرەو پێشکەوتنە یان بەرەو دواکەوتنە، هەروەها ئەوەی پێ دیاری دەکرێت کە گۆڕانەکە لەسەر هەمان بابەتە بنەڕەتیەکان، بە شێوەی بازدانە یان بەشێوەی بەرزونزمیە.

---

1- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٢٢.

٥- **قەبارەی گۆڕان:** ئاماژە دەكات بۆ بڕی گۆڕانكاریەكان. دەكرێت گۆڕان تەنها زیاد بوونێكی سادە بێت، یان گۆڕانێكی لاوەكی بێت، بەپێچەوانەشەوە لەوانەیە گۆڕانەكە گشتگیرو شۆڕشگێرانە و ڕیشەكێش بێت.

٦- **تێكرای گۆڕان:** ئاماژە دەكات بۆ پلەی خێرایی یان لەسەرەخۆیی ڕوودانی گۆڕانەكە. دەكرێت گۆڕان خێرا یان لەسەرەخۆ بێت، هەروەها لەوانەیە بەردەوام یان پچڕپچڕ بێت، ڕێكخراو (منظم) یان بێ سەروبەر بێت.

لە ڕێگەی دیاری كردنی ئەو شەش لایەنەی سەرەوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتیەوە، دەتوانین لە لایەك بەراورد كاری بكەین لە نێوان كۆمەڵگا جیاجیاكاندا لە ڕووی ئەو گۆڕانە كۆمەڵایەتیانەی كە تیایاندا ڕوودەدەن، لە لایەكی دیكەش گۆڕانی كۆمەڵایەتی لە ناو خودی كۆمەڵگایەكدا بپێوین.

## ٥) جیاوازی نێوان چەمكی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و چەمكە نزیكەكانی

هەرچەندە تێبینی كردن و گرنگی پێدانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی، لە لایەن زانایان و هزرمەندانەوە، كۆنە، بەڵام بەكارهێنانی چەمكی گۆڕانی كۆمەڵایەتی، لە تویژینەوە زانستیەكاندا، تارادەیەك نوێیە. لە سەرەتادا تێكەڵیەك لە نێوان مانای چەمكی گۆڕانی كۆمەڵایەتی لەگەڵ مانای چەمكەكانی دیكەی وەك: پێشكەوتن، پەرەسەندن، گەشە...هتد بەدی دەكرا. تێبینی كردنی جیاوازی نێوان ئەو چەمكانە و چەمكی گۆڕانی كۆمەڵایەتی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێكرد، تا

ئەوەی ئەگەر تێکەڵ کردنەکە بۆ پێش سەدەی بیستەم، بەهۆی نەبوونی تۆژینــەوەی زانــستی تایبــەت ســەبارەت بــە نــاوەڕۆك و هوکــار و ئاراستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، گونجاو بوو بێــت. ئــەوا لــە ئــەنجامی پەرەسەندنی تۆژینەوە کۆمەڵناسیەکاندا، نــەدەکرا ئــەو تێکــەڵ کردنــە بەردەوام بێت.

بۆیە پێویستە، جیاوازی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە بریتیە لە هــەر گۆڕانێــك لــە سستەم و بــەهاو ڕۆڵــەکان، کــە لــە ماوەیــەکی دیــاریکراودا، بەســەر بونیــادی کۆمەڵایەتیــدا دێــت، لەگــەڵ چــەمکە نزیکەکانی دیاری بکەین[1]، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- پەرەسەندن ( التطور) Evolution

لەو تیورانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بلاوبوونەوە و پشتگیریان وەدەست هێنا، بریتــی بــوو لــە تیۆرەکــانی پەرەســەندن Theories of Evolution کە پشت دەبەســتن بــە پرەنــسیپێك، پوختەکــەی ئەوەیــە، خەسڵەتەکانی کۆمەڵگا، هەمیشە، بــە ئاراســتەیەکدا دەگۆڕێــت، کــە بریتیە لە گۆڕان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بالاتر و لە شێوەیەکەوە بــۆ شێوەیەکی ئالۆزترە.

تیوری پەرەسندنی بــایۆلۆجی، بــۆ یەکــەم جــار لــە لایــەن زانــای سروشتی (چارلس داروین)ەوە، لــە ســاڵی ١٨٥٩، دارێــژرا. پاشــان زاناکانی بواری کۆمەڵناسی فراوانیان کرد و لــە بــواری دیاردەکــانی

---

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص٢٢-٢٣.

ژیانی کۆمەڵایەتیشدا بەکاریان هێنا.

ئۆگۆست کۆنت، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی کۆمەڵناسی، پێی وابوو کۆمەڵگاکان، هەمیشە، لە پەرەسەندنێکی بەردەوامدان، بۆ ئەو مەبەستەش سێ قۆناغی دیاری کردبوو، کە هەرکۆمەڵگەیەك بە شێوەیەکی حەتمی لەرێگەیانەوە پێش دەکەوێت، ئەوانیش قۆناغی لاهوتی و قۆناغی میتافیزیکی و قۆناغی وەزعی Positive بوون، بەواتای هەمیشە کۆمەڵگاکان لە قۆناغی لاهوتییەوە بە قۆناغی میتافیزیکیدا تێدەپەڕن بۆ ئەوەی بگەنە بەرزترین قۆناغ، کە قۆناغی وەزعییە.

هربرت سپنسر H.spancer (١٨٢٠-١٩٠٣)، یەکێکەی دیکەیە لەوانەی کە چەمکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، لەبری گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەکارهێناوە. سپنسر لە بەکارهێنانی چەمکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا، ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی پەرەسندنی کۆمەڵگا لەسەر شێوەی پەرەسندنی زیندەوەرانە، هەروەها پێی وابوو کۆمەڵگاکان لەژێر کاریگەریی یاسایەکی سروشتی گشتیدا و بەدەر لە ئیرادەی مروڤەکان بە زنجیرەیەك قۆناغی دیاری کراودا تێدەپەڕن[1].

بەگشتی، لەگەڵ ئەوەی پەرەسەندن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەچێت، لە ڕووی ئەوەی دەکرێت گۆڕانی کۆمەڵایەتیش، وەك پەرەسندن، گۆڕانێك بێت بەرەو پێشکەوتن و ئاستێکی بەرزتر، بەڵام جیاوازی سەرەکی نێوانیان ئەوەیە، پەرەسندن بەشێوەیەکی لەسەرەخۆ

1- د. قيس النوري، مدخل الى علم الانسان، جامعة بغداد- بغداد، من دون سنة النشر، ص٣٤٨ ومابعدها.

و بەپێی قۆناغی دیاریکراو و بەبێ دەستێوەردان و ئیرادەی مرۆڤ ڕوودەدات، بەلاّم گۆڕانی کۆمەلاّیەتی دەکرێت وەك پەرەسندن لەخۆوە ڕوودەدات، یان بە پێچەوانەی پەرەسەندنەوە، بەرنامە و پلان ڕێژی بۆ بکرێت و ئامانجەکانیشی دیاری بکرێت، بە واتای بەپێی ئیرادەی مرۆڤ ئەنجام بدرێت و بەرێوە ببرێت(١).

## ب- پێشکەوتن (التقدم) Progress

چەمکی پێشکەوتن، چەمکێکی نوێ نیە، بەڵکو بەشێوەیەك لە شێوەکان، هەر لە سەدەی شازدەهەمەوە بەگشتی و لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریفۆرمەوە بەتایبەتی، لە نووسین و بیری هزرمەندانەدا بەکارهاتووە. لە سەرەتای زانستی کۆمەڵناسیشدا، چەمکی پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی Social Progress وەك هاو واتای چەمکی گۆڕانی کۆمەلاّیەتی بەکارهاتووە (٢).

مەبەست لە پێشکەوتن بریتی یە لە گۆڕانێکی بەرە بەرەو لەسەرخۆی کۆمەڵگا بەرەو ئاستێکی باشتر لەوەی تێیدایە. بەواتای گۆڕانێکە هەمیشە بۆ پێشەوە لە ڕێگەی وویست و ئیرادەی مرۆڤەوە، وەك دەرئەنجامی کۆنترۆڵی مرۆڤ لەسەر سروشت و ژینگە و لە ڕێگەی دەرهێنان و بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوە سروشتتیەکانەوە(٣).

---

1- د. أحمد رأفت عبدالجواد، المصدر السابق، ص١٢٧.

2- د. قيس النوري،المصدرالسابق، ص٣٥١.

3- د. أحمد رأفت عبدالجواد، المصدر السابق، ص١٢٦.

کەواتـە پێـشکەوتن، مانـای بزاوتنـی کۆمەڵگایـە بـەرەو ئامانجـە دیاریکراو و پەسەندکراوەکان، ئەو پرۆسەیەش قۆناغی یـەك لـە دوای یەکی لە یەکتری باڵاتر لـە خۆدەگرێت، بە واتای هەر قۆناغێك لەوەی پـێش خـۆی بـاڵاترو باشـترە. لەوەشـەوە پێـشکەوتن پرۆسـەیەکی هۆشمەندانەو پلان بۆ دارێژراوە. چەمکی پێشکەوتن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکەو بە پێی ئـەو کـەلتور و بارودۆخـەی کۆمەڵگاکـەی تێدا دەژی جیاوازە، بۆ نموونە، لە سەدەی هەژدەهەمدا، مەبەسـت لـە پێشکەوتن لە ئەوروپادا، بریتی بوو لە ئازاد بوون لـە دابونەریتـەکانی سەدەکانی ناوەراست، ئازاد بوون لە ستەمە تۆتالیتاریەکان[1].

لە لایەکی ترەوە، یەکێك لـە خەسـڵەتەکانی دیکـەی پێـشکەوتن بریتیە لەوەی، پێشکەوتن بابەتێکە بە کاتەوە بەندە، ئەوەی لە سـەردەم و کۆمەڵگایەکدا بە دواکەوتن دەژمێردرێت، لەوانەیە لە سـەردەمێکی دیکەدا، لە هـەمان کۆمـەڵگادا، یـان لـە هـەمان سـەردەم بـەڵام لـە کۆمەڵگایـەکی دیکـەدا، بـە دواکـەوتن بـژمێردرێت. بۆیـە زەحمەتـە پێشکەوتن بە پێوەرێکی دیاریکراو و یـەکگرتوو، بـۆ هـەموو کـات و شوێنێك، بپێورێت[2].

لەبارەی پەیوەندی نێوان چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بـە چـەمکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە، جیاوازی نێوانیان دەگەرێتـەوە بـۆ ئـەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، واتا جوڵان و بزاوتنی کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی هەمیشەیی، بەرەو بارێکی باشتر و باڵاتر، واتـا بزاوتنـە بەئاراسـتەیەکی

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص٢٣-٢٤.
2- د. أحمد رأفت عبدالجواد، المصدر السابق، ص١٢٧.

پۆزەتیڤانە، جولانی کۆمەڵگایە بە یەك هێڵی بەرە و سەر و بالاتر.

بــەلام هەرچــی چــەمکی گــۆڕانی کۆمەلایەتیــە پێــشکەوتن و دواکەوتنیش لەخۆ دەگرێت، بۆیە چەمکی گۆڕانی کۆمەلایەتی وردترە وەك لە چەمکی پێشکەوتن و هەردوو واقعی کۆمەلایەتی پێشکەوتن و دواکەوتن دەگرێتەوە، چونکە کۆمەڵگاکان، هەمیشە و بە بەردەوامی، لە پێشکەوتندا نین، بــەڵکو هەنــدێك جــار گۆڕانــە کۆمەلایەتیــەکان، کۆمەڵگا بەرەو دواکەوتن دەبەنەوە[1].

## ج- گەشە (النمو) Growth

چەمکی گەشە، ئاماژەیــە بــۆ جــۆرێکی دیــاری کــراوی گــۆڕان، ئەویش گۆڕانە لە ڕووی چەندایەتییەوە. وەك ئــەو گۆڕانانــەی بەســەر ژمارە و چڕی دانیشتواندا دێن، یان گۆڕان لــە داهــاتی نیــشتمانیدا و بەشــی تــاك لــەو داهاتــە، بــە واتــای ئــەو گۆڕانانــە دەگرێتــەوە کــە دەژمێردرێن. ئەو چــەمکەش پەیوەندیــەکی پتــەوی هەیــە بــە چــەمکی گۆڕانی کۆمەلایەتیەوە، چونکە لایەنێکی گۆڕانی کۆمەلایەتی بریتییە لە گۆڕان لە چەندایەتیدا، کــە دەکرێــت لــە ڕێگــەی تێکــڕای گەشــەوە بپێورێت، هەروەها گەشــە ئاماژەیــەکی گرنگــە لــە هەســت پێکردنــی گــۆڕانی کۆمەلایەتیــدا. بــۆ نموونــە، گــۆڕانی قــەبارە یــان پێکهاتــەی دانیشتوان یان بڕی داهاتی نیشتمانی، هەمیشە ئاماژەیەکن بــۆ گــۆڕانی کۆمەلایەتی[2].

---

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص٢٨.

2- د. زايد و د.علام، المصدر السابق، ص٢٥.

بەلاَم جیاوازی نێوان گۆڕان و گەشە لەوەدایـە، هەمیـشە گەشـە، ئاماژەیە بۆ زیـاد بـوونێکی دیـاری کـراو بـەردەوام لـە لایـەنێك لـە لایەنەکانی ژیاندا، هەرچی گۆڕانی کۆمەلاَیەتیە، ئاماژەیە بۆ گۆڕان لـە بونیادی کۆمەلاَیەتی و سستەم و ڕۆڵ و بەهاو ڕێـساکانی ڕێکخـستنی کۆمەلاَیەتیدا.

ئەو گۆڕانانەش دەکرێت پۆزەتیڤ یـان نێگەتیڤـ بـن و جـێگیریش نین. لە لایەکی دیکەوە، بەگشتی گەشە هێواشە و لەسەرەخۆیە، بـەلاَم گۆڕان لەوانەیە خێرابێت یان بەشێوەی بازدان بێـت بـۆ پێـشەوە یـان دواوە. هەروەها بەزۆری، گەشە گۆڕانە لە ڕووی چەندایەتییەوە، بەلاَم گۆڕانی کۆمەلاَیەتی، بە زۆری، گۆڕانە لە چۆنایەتیدا[١].

د- گەشەپێدان (التنمیە) Development

گەشـەپێدان بریتییـە لـە پرۆسـەی گۆڕانکارییـە مەبەسـتدار و ئیرادەییەکان، کە خودی مرۆڤ بنەما و ئامرازیەتی ، بەواتای گەیـشتنە بە بارێکی پێـشکەوتووی تـەواو وەك دەرئـەنجامی بەرنامـە و پلانێکـی وورد و هۆشمەندانە، لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی کۆمەڵگادا[٢].

لـە لایـەکی دیکـەوە چـەمکی گەشـەپێدان بـە چـەمکی مۆدێرنـە کردنەوە بەندە، کە واتای گۆڕانە لـە کۆمەڵگایـەکی تەقلیدییـەوە بـۆ کۆمەڵگایـەکی نـوێی خـاوەن ئابووریـەکی پەرەسـەندو، ئاسـتێکی تەکنولۆژی پێـشکەوتوو، پلەیـەکی بـەرز لـە دابـەش کردنـی کـار،

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص٣٣-٣٤.

2- د. قیس النوري ، المصدر السابق،ص٣٦٥.

سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەرەسەندو.

لە ڕووی پەیوەندی چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە، جیاوازیان لەوەدایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی گۆڕانە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا، پۆزەتیڤانە بێت یان نێگەتیڤانە، بەڵام گەشەپێدان هەمیشە دەرەنجامەکەی پۆزەتیڤانەیە و ڕەهەندێکی نێگەتیڤانە لەخۆ ناگرێت، بەواتای گەشە پێدان پرۆسەیەکی ئاراستە پۆزەتیڤە.

## ٦ ) جۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، دوو شێوازی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش بریتین لە[1]:

### أ- گۆڕانە چەندایەتیەکان Quantitative changes

مانای بەرزی و نزمی (زۆربوون و کەم بوون) لە چەندایەتیدا دەگرێتەوە، وەك زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بە هۆی لە دایك بوون وکۆچەوە، یان کەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتوان بەهۆی بەرزبوونەوەی تێکرایی مردن و کۆچکردنەوە. هەروەها گۆڕان لە چەندایەتیدا، دیاردەی زیاد بوونی ڕێژەی بەکاربردنی خواردەمەنی یان وزە، ژمارەی دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکان، تێکرایی ژن هێنان و

1- د.عبدالحمید البرزنجي، المصدر السابق،ص٥١. بۆ زیاتر لەبارەی جۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بڕوانە د.معن خلیل عمر، التغیر الاجتماعي،ط١،دار شروق للنشر والتوزیع،عمان-الاردن،٢٠٠٤،ص ١٠٣ومابعدها.

تەلاق،....هتد دەگرێتەوە.

**ب- گۆڕانە چونایەتیەکان Qualitative changes**

گۆڕانە چـونایەتیەکان، بـریتین لـەو گۆڕانانـەی کـە دەبنـە هـۆی گواستنەوە لە جۆرێکی دیاریکراوەوە بۆ جۆرێکی دیکە، وەك گۆڕانی بونیادی کۆمەڵگا لە دەرەبەگایەتەوە بۆ سەرمایەداری، یان گۆڕان لـە سستەمی دیکتاتورییەوە بۆ سستەمی دیموکراسی.

کەواتە گـۆڕانی چـۆنایەتی بریتییـە لـە ڕاگواسـتنی کۆمـەڵگا لـە شـێوازێکی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانـەوە، کـە بونیـادی کۆمەڵایـەتی کۆمـــەڵگای لێ پێکهـــاتووە، بـــۆ شـــێوازێکی دیکـــەی پەیوەندیـــە کۆمەڵایەتیەکان، لە هەمان کۆمەڵگادا، بەڵام جیاواز وەك لە شـێوازی پێشوو.

## ٧) هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

بۆچـــی گـــۆڕانی کۆمەڵایـــەتی رودەدات؟ ئـــەم پرســـیارە، لـــە لێکۆڵینەوەکانی بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا،گرنگیەکی تایبەتی هەیە، چونکە گۆڕان هەروا و لەخۆوە و بەبێ هۆکارێـك کـە بیجولێنێـت و پاڵنەری بێت، روونادات.

لە ڕاستیدا گەڕان و دیاریکردنی هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆســـەیەکی ئـــاڵۆزە و گـــەلێك کێـــشەی تیـــۆری و مەنهـــەجی دەوروژێنێت.

لەو هەولانەی بۆ باسی هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایـەتی نـراون، دەبینین ریزبەند و پۆلێنکردنی هۆکارەکانی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی یـان

کام هۆکار گرنگترە لەوەی دیکەیان....هتد لە تیۆرێکەوە بۆ ئەوەی دیکەیان یان لە زانایاکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بۆیە دەبینین لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە ژمارە و پۆلێنی هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن: هەندێك هۆکارەکان دابەش دەکەن بەسەر:

١-هۆکاری ژینگەیی،

٢- هۆکاری ئایدۆلۆژی،

٣- شۆڕش و جەنگەکان،

٤- هۆکاری کەلتوری،

٥- هۆکاری تەکنۆلۆژی،

٦- گەشەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی.

لەکاتێکدا لەلای هەندێکی دیکە هۆکارەکان پۆلێن دەکرێن بۆ:

١- جوگرافی،

٢- بایۆلۆژی،

٣- کەلتوری،

یان هەندێکی دیکە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دابەش دەکەن بەسەر:

١- هۆکارە دەرەکیەکان

٢-هۆکارە ناوخۆییەکان.

گەلێك دابەش و پۆلێنی دیکەش بەرچاو دەکەون، بۆیە پشتبەستن بە پۆلێنێکی دیاریکراو زۆر زەحمەتە، لەوەشەوە و تەنها بە مەبەستی

ئاسانكاری لە دیراسەی گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا هۆكارەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی پۆلێن دەكەین بۆ[1] :

**١- هۆكارە سروشتیەكان:**

أ- هۆكاری جوگرافی.

ب- هۆكاری دیمۆگرافی.

ج- هۆكاری بایۆلۆژی.

**٢- هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان:**

أ- دۆزینەوە و داهێنراوە و تەكنۆلۆژیا.

ب- پەیوەندیە كەلتوریەكان.

ج- هۆكاری ئابووری.

**٣- هۆكاری سیاسی.**

لەگەڵ رەچاوكردنی ئەم راستیانەی خوارەوە[2]:

١-كاریگەریی سەرجەم هۆكارەكان لەگەڵ یەكتری تێكەڵ دەبن و ناتوانین بەسانایی لە یەكتریان جیابكەینەوە.

٢- رۆڵی مرۆڤ لە بەرامبەر هۆكارە سروشتیەكان (جوگرافی ، بایۆلۆژی ، دیموگرافی)دا لە هەڵكشاندایە، بە واتای مرۆڤ دەتوانێت دەست لە هۆكارە سروشتیەكان وەربدات بە شێوەیەك

---

1- د.محمد أحمد الزعبي، التغير الاجتماعي،ط٤، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،بيروت، ١٩٩١،ص ٧١-٧٢.

2- نفس المصدر السابق، ص ٧٣-٧٤.

که لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیدا بگونجێن و چی دیکە دەستەوسان نیە بەرامبەریان.
٣- هۆکاری تەکنۆلۆژی بە شێوەیەکی پتەو بە هۆکارە سروشتیەکانەوە وابەستەیە، بۆ نموونە وزەی ناوکی وزەیەکی شاراوەیە لە سروشتدا، بەڵام لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستدا دەردەپەڕێنرێت و سودی لێ وەردەگیرێت.
٤- پەیوەندیەکی تەواوکاری لە نێوان هۆکاری ئابووری و هۆکاری جوگرافیدا هەیە، بەڵکو لایەنی ئابووری، لە روی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بە نێوەرۆکی جوگرافیا دەژمێردرێت. بۆ نمونە سامانە سروشتیەکان بریتین لە هۆکاری سروشتی- ئابووری.

## ٧-١: هۆکارە سروشتیەکان

بەپێی ئەوەی کۆمەڵگا بەشێکە لە جیهانی ماددی، بۆیە هەمیشە کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، ئاست و جۆری ئەو کەرەسانەی سروشتەکەی پێی دەبەخشن، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، ئاست و رەوت و جۆری چالاکیەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن، لەوەشەوە دەتوانین بلێین ئەو گۆڕانانەی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، بەسەر سروشتدا دێن، کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا دەبێت و دەیگۆڕن[1]. لەوبارەیەشەوە دەکرێت گرنگترین کاریگەریەکانی سروشت لەسەر پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دابەش بکەین بەسەر

1- د. أحمد الخشاب، التغير الاجتماعي، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، المكتبة الثقافية: ٢٦١، ج. م. ع.، ١٩٧١،ص٥٦-٥٧.

سیٚ تەوەری سەرەکیدا، بەم شێوەیە:

## ١- هۆکاری جوگرافی (فیزیکی)

سەرجەم هزرمەندو قوتابخانە کۆمەڵناسیەکان، لە (هیرۆدوتس)ەوە تا دەگاتە (مۆنتسکیو) و تا ئەم سەردەمەی ئەمرۆش،کۆکن لەسەر ئەوەی ژینگەی جوگرافی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکان هەیە، بەلاّم بۆچونەکان لەسەر رادده و ئاستی ئەو کاریگەریە کۆك نین.

مونتسکیو (١٦٨٩-١٧٥٥) لە کتێبی (روحی یاساکان)دا دەڵێت : (گەرمای بەرز دەمارەکان دەوروژێنێت، لەوەشەوە هێز و ئازایەتی پیاوان لاواز دەکات، بەلاّم کەشی سارد جەستە و روح بەهێز دەکات و مرۆڤ وا لێدەکات کە بتوانێت کاری قورس و درێژخایەن بوێرانە ئەنجام بدات)، پاشان مونتسکیو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە (هۆکارە فیزیکیەکان، لە پێش هەموشیانەوە کەشوهەوا و خاك و خۆڵ، دابونەریت و گیانی تایبەتیی گەل و پێکهاتە دەرونیەکەی دیاری دەکەن، لەوەشەوە بونیادی کۆمەڵگا و یاساکان و کارو چالاکیەکانی دەسەلاّتی سیاسی دیاری دەکەن).

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، کارل مارکس، لە سۆنگەی پەیوەستی نێوان هۆکاری ئابووری و هۆکاری فیزیکی، پێی وابو کە هۆکاری جوگرافی بنەمای دروستبوونی (شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی) بوە، کە بوەتە هۆی ئەوەی پێشکەوتنی ولاّتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی، جیاواز بێت لە شێوازی بەرهەمهێنانی ولاّتانی ئەوروپی و

پێشکەوتنیان[1].

هەندێك بۆچون، بەتایبەتی تەقلیدیەکان، زیادەڕۆیی لە کاریگەری جوگرافیا لەسەر ژیان و پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگادا دەکەن، بە رادەیەك کە گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان دەکەنە بەرەنجامێکی حەتمی گۆڕانە فیزیکیەکان، لەو چوارچێوەیەشدا هەندێك لە هزرمەندان لە سەدەی نۆزدەدا، گەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی (ساڵی ١٧٨٩ز) و گەرمای مانگی تەمموز، کە شۆڕشەکەی تێدا هەڵگیرسابوو، بەیەکەوە بەستبۆوە. لە بەرامبەردا ئاراستە هزریە پێشکەوتنخوازەکان پێیانوایە ئاستی کاریگەری هۆکارە جوگرافیەکان لەسەر کۆمەڵگا، دەوەستێتە سەر بارودۆخ و پلە و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و تواناییان لە کۆنترۆڵکردنی سروشتدا[2].

بێگومان هۆکارە جوگرافیەکان، لە چوارچێوە و سنوورێکی دیاریکراودا، کاریگەریان لەسەر بزاوت و گۆڕانەکانی ژیانی کۆمەڵگا هەیە و ناکرێت پشتگوێ بخرێن، بۆ نموونە هەریەك لە خراپی کەشوهەوا و بڵاوبونەوەی پەتا و تاعون ، لە سەدەی چواردەدا لە ئەوروپا، پشکداریەکی فراوانیان کرد لە سەرهەڵدان و خەستکردنەوەی تەنگژەی سیستەمی دەرەبەگایەتی، کە پاشان بووە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەیەك گۆڕانی یەك لە دوای یەك و فراوانی

---

1- د.محمد أحمد الزعبي، المصدر السابق،ص٧٥.

2- د. صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي، جامعة بغداد، بغداد،١٩٨٦،ص١١٧.

دیکە لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا[1].

هەروەها گەلێك جار جوگرافیا هۆکارێك بوە لە بەدیهێنانی گەشەی ئابووریدا، بۆ نموونە لە سەرهەڵدانی سیستەمی بۆرژوایی لە رۆژئاوا، بەو پێیەی ئەو سیستەمە، لانی کەم لە سەرەتادا لە باکووری رۆژئاوای ئەورووپادا، پشتی بە جوگرافیا دەبەست، هۆکاری جوگرافی بنەمایەك بو بۆ دەرکەوتن و پێشکەوتنی شاری سەربەخۆ و کەڵەکەبوونی سەرمایە و دەرکەوتنی چینێکی بۆرژوایی نیمچە سەربەخۆ، ئەوەش بە رۆڵی خۆی هۆکارێك بو بۆ دامەزرانی جۆرێکی نوێی دەوڵەت کە بە دەوڵەتی نیشتمانی National-state ناسراوە.

لە بەرامبەر ئەو نموونەیەشدا جوگرافیای (چین) وای کردبوو کە دانیشتوانی ئەو وڵاتە پشت بە کشتوکاڵ ببەستن، ئەمەش پێویستی بە سیستەمێکی ئاودێری ورد و توند هەبوو، کە ببوە هۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز، لەوەشەوە شارەکانی چین بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی ناوەند گەشەیان کرد نەك وەك قەوارەی سەربەخۆ، بۆیە رەوتی سەرهەڵدانی شار لەو ناوچەیەدا بەو ئاقارەدا نەرۆیشت کە لە ئەورووپای رۆژئاوا پێیدا رۆیشت[2].

لە گرنگترین ئەو هۆکارە جوگرافیانەشی کە لە گۆڕانی

---

1- William Form, Social change, Encyclopædia Britannica, 2007.

2- بۆ زیاتر لەبارەی کاریگەری سروشت و جوگرافیا لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بڕوانە هەریەك لە: د. محمد أزهر سعيد السماك، الجغرافيا السياسية، جامعة موصل، الموصل، ١٩٨٨، ص٧٥ ومابعدها.

کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ دەبینن بریتین لە[1]:

أ- کەشوهەوا: وەك پلەی گەرمی، شێ، با، باران.

ب- گۆڕانکاریە جیۆلۆجیەکان: بۆ نموونە بە بیابان بوون و ڕوتانەوەی دارستانەکان.

ج-سەرچاوە سروشتیەکان: بوون و نەبوونی سەرچاوەکانی وەك نەوت، دارستان، کانزا.

د- وزەی شاراوە: وەك وزەی ناوکی.

هـ- کارەساتە بایۆلۆجیەکان: وەك پەتا و نەخۆشی.

و- کارەساتە سروشتیەکان: لافاو، بومەلەرزە، بورکان، گەردەلوول.

ز- پێگەی جوگرافی: وەك نزیکی و دووری لە سەرچاوەکانی وزە یان ڕێگە سەرەکیە وشکاویی یان دەریاییەکان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین جوگرافیا کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوتی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان، بەلام هۆکاری جوگرافی ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاییکەرەوە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا نابینێت، چونکە[2]:

أ- ئەگەر بە مێژودا شۆڕبینەوە، دەبینین گەلێك بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاواز لە سایەی بارودۆخی سروشتی وەکیەکدا سەریان هەڵداوە، بەواتای مەرج نیە هەمیشە بارودۆخێکی سروشتی دیاریکراو ببێتە هۆی سەرهەڵدانی یەك جۆر لە

1- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٢٩.

2- د.محمد أحمد الزعبي، المصدر السابق،ص٧٧-٧٨.

بونیادی کۆمەڵایەتی.

ب- مەرج نیە هەمیشە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی گۆڕانە جوگرافیەکانەوە هاتبێتەدی، بەڵکو وا رێکەوتوە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیە مەزنەکان لە مێژوودا لە سایەی بارودۆخێکی جوگرافی تا رادەیەك جێگیرو سەقامگیردا هاتونەتە دی.

ج- پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەپێی یاسا تایبەتەکانی، کە بریتیە لە بەرەنجامی پەیوەندی و کاریگەری دولایەنەی نێوان کۆمەڵگا و سروشت، دێتەدی. بە واتای ئەندامانی کۆمەڵگا بەپێی پەیوەندیەکی دیاریکراو رێکخراون، تەنها لە رێگەی ئەو پەیوەندیانەشەوە لەگەڵ سروشتدا کارلێك دەکەن و بەرهەم دەهێنن، بەمانایەکی دیکە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە کارلێکی نێوان سروشت و کۆمەڵگادا.

د- دەکرێت هەلومەرجێکی سروشتیی دیاریکراو، بە شێوازی جیاجیا، لەلایەن کۆمەڵگاکانەوە سودی لێ وەربگیرێت. بە واتای دەکرێت هەلومەرجێکی سروشتیی دیاریکراو بە شێوازی جیاجیا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکان، لەسەر بنەمای ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیان، دابنێت. بۆ نموونە پترۆل لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆمەڵگا تازەگەشەکردوەکاندا هەیە، بەلاّم کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی لە ولاّتە پیشەسازیەکاندا، پاش گواستنەوە و بەکارهێنانی لەبواری پیشەسازیدا، دەردەکەوێت.

هـ- له ئه‌نجامی پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵگادا، که‌ به‌هێزبوونی ده‌سه‌ڵاتی مرۆڤ به‌رامبه‌ر به‌ سروشت لایه‌نێکی سه‌ره‌کیه‌تی، کاریگه‌ریه‌ کتوپڕ و نه‌ویستراوه‌کانی گۆڕانه‌کاریه‌کانی سروشت له‌سه‌ر ژیانی کۆمه‌ڵگاکان که‌م ده‌بێته‌وه‌.

**٢- هۆکاری دیمۆگرافی**

مه‌به‌ست له‌ هۆکاری دیمۆگرافی بریتیه‌ له‌ دیاریکردنی کاریگه‌ریه‌کانی بونیادی دانیشتوان کۆمه‌ڵگایه‌ك له‌سه‌ر گۆڕانی کۆمه‌ڵایه‌تی له‌و کۆمه‌ڵگایه‌دا.

گه‌لێك له‌ فه‌یله‌سوف و هزرمه‌نده‌کان، وه‌ك ئه‌رستۆ و مۆنتسیکیۆ و رۆسۆ، هه‌ر له‌ کۆنه‌وه‌ پێیان وابوه‌ که‌ په‌یوه‌ندیه‌کی پته‌و له‌ نێوان ژماره‌ی دانیشتوان و ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تیدا هه‌یه‌. له‌و میانه‌یه‌شدا بیرۆکه‌ی هه‌ره‌ بلاو ئه‌وه‌بو: به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی ئه‌و ولاتانه‌ی ژماره‌ی دانیشتوانیان گه‌وره‌یه‌ رووبه‌رووی کێشه‌وگرفتی ناوخۆیی (وه‌ك سه‌رهه‌ڵدانی شۆڕش) یان گرفتی ده‌ره‌کی (وه‌ك شه‌ڕوشۆڕ له‌گه‌ڵ ولاتانی دیکه‌) ده‌بنه‌وه‌، به‌لام ئه‌و ولاتانه‌ی ژماره‌ی دانیشتوانیان که‌مه‌، باری ئاسایشی ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌یان هێمن و سه‌قامگیره‌[١].

له‌گرنگترین ئه‌و لایه‌نانه‌ی باری دانیشتوان که‌ کاریگه‌ریان له‌سه‌ر گۆڕانی کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه‌ بریتین له‌[٢]:

- قه‌باره‌ی گشتی دانیشتوان (ژماره‌ی ئێستا، رێژه‌ی گه‌شه‌کردن)
- چڕی دانیشتوان له‌ ناوچه‌ جوگرافیه‌ جیاجیاکاندا.

---

1- د. صادق الأسود، المصدر السابق،ص١٣١.

2- د.محمد أحمد الزعبي، المصدر السابق،ص٨٥.

- دابەشبونی دانیشتوان (هەرەمی دانیشتوان) لە رووی (نێر–مێ، پیر و لاو و منداڵ، کارگەر– بێکار،......هتد)

گۆڕانەکانی قەبارەی دانیشتوان پەیوەندیەکی پتەوی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە هەیە. لەو چوارچێوەیەشدا ئاشکرایە گۆڕان لە تێکڕای مردن و تێکڕای لە دایك بون و هاوسەرگیری، دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان و کاریشی تێدەکەن[1].

لە لایەکی ترەوە کاریگەریەکانی زۆربوونی کتوپڕی ژمارەی دانیشتوان، لە دوای جەنگی جیهانیی دوەمەوە، لەسەر گۆڕانی رەفتار و ژیانی خەڵك و تاکەکان، بوەتە جێی سەرنجی زانا و شارەزایان. لەو بارەیەشەوە تێبینی دەکرێت کە خانوی شارنشینەکان بچوکتر بونەتەوە و ژینگەش پیستر بوە. لە کۆمەڵگا تازە گەشەکردوەکانیشدا، کە ژمارەی دانیشتوانیان گەلێك بەرزە، گەشەی دانیشتوان لە گەشەی ئابووری خێراترە، بۆیە باری گوزەرانی هاولاتیان بەگشتی خراپە و هەژاری و بێکاری و برسێتییان تێدا بلاوبۆتەوە. لەگەلێك ولاتی وەك میسر و لوبنان و هند و پاکستان و ئەندەنوسیا و بەنگلادیش و .....هتد زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بوەتە کێشەیەکی گەورە، بەرادەیەك کە گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری مەزنی لێکەوتۆتەوە، وەك بێکاری، تاوان، کۆچ، هەژاری و....هتد، کە بەگشتی بونەتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگاکانیان[2].

---

1– ر.م.ماكيفر و تشارلز بيدج، المجتمع، ج٣،ترجمة د.سمير نعيم أحمد،مكتبة النهضة المصرية، ١٩٧١،ص٩٤٢.

2– د.معن خليل، المصدر السابق،ص ١٦٢.

جێی ئاماژەشە پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان ژمارە و چڕی دانیشتوان لــە لایــەك و رادەی بەهرەمەنــدبونی هاولاتیــان لــە خزمەتگوزرایــە گــشتیەکان لــە لایــەکی دیکــە هەیــە، بــەواتای ئەگــەر فراوانبــوونی خزمەتگوزاریەکان لە گەشەی دانیشتوان هێواشتر بێت ئەوا بەشی تـاك لە خزمەتگوزاریــە گــشتیەکان کەمدەبێتــەوە، ئەمــەش بــەرۆڵی خــۆی دەبێتــە هــۆی بلاوبوونــەوەی پــەتاو نەخۆشــی و زۆربــوونی مــردن و تێکچوونی هەرەمی تەمەنی دانیشتوان، کە بەگشتی کاریگەریان لەسەر پرۆســەی گــۆڕانی کۆمەلایــەتی دەبێــت. یــان زۆربــوونی ژمــارەی دانیشتوان هۆکارێکە بۆ بلاو بوونەوەی بێکاری یـان دابـەزینی کرێـی کرێکــاران، لەوەشــەوە ســەرهەلدانی گــەلێك دیــاردەی کۆمەلایــەتی بێزراو و نەویستراو.

سەرەڕای ئەوانەش هەرەمی تەمەنی دانیشتوان کاریگــەری لەســەر باری ئابووری و پاشان کۆمەلایەتی ولات هەیە، بۆ نموونە زیاد بـوونی ژمــارەی ئــەو هاولاتیانــەی کــە تەمــەنیان لــە خــوار ١٥ ســالٚ یــان لەسەرووی ٦٥ سالەوەیە، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاسـتی بەرهــەمهێنانی کۆمەلگا، لەوەشەوە داهاتی گشتی دادەبەزێت، چونکە بەرهــەمی ئــەو تەمەنانە زۆر کەمترە وەك لە پێداویستیەکانیان[1].

---

1- د. أحمد رأفت، المصدر السابق، ص١٣٠.

## ٣- هۆکار بایۆلۆژی

لەراستیدا دەربارەی لێکدانەوەی جیاوازیەکانی نێوان تاکەکانی رەگەزی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری و رەنگدانەوەشیان لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی، دوو ئاراستە هەبوە، کە هەمیشە لە کێشمەکێش و جیاوازیدا بوون لەگەڵ یەکتری، ئەمانیش بریتین لە:

**ئاراستەی یەکەم**: پێی وایە کە جیاوازیەکانی نێوان تاکەکان دەگەڕێتەوە بۆ بۆماوە (الوراثة). بەپێی ئەم ئاراستەیە جیاوازییە بۆماوەییەکانی نێوان مرۆڤەکان رۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیاندا دەبینن. لەو چوارچێوەیەشدا، ئارسۆر دی گۆبینو (١٨١٦-١٨٨٢)، پێی وابو کە گەلان دەکرێن بە دوو بەشەوە، گەلانی بەرز و باڵا، کە دەتوانن شارستانیەت بەرهەم بهێنن، لەگەڵ گەلانی نزم کە تەنانەت ناتوانن پارێزگاری لە بوونی خۆشیان بکەن و هیچ بارودۆخێکیش ناتوانێت ئەم گەلانە هەڵسێنێتەوە، چونکە نزمیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بۆماوەکەیان(!).یان ئەلەکسی کاریل دەیوت کرێکاران بەهۆی (کەمایەسیە جەستەیی و روحییە بۆماوەییەکانیانەوە) کەوتونەتە ژێری ژێرەوەی هەرەمی بونیادی کۆمەڵگا.

ئەم ئاراستەیە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە فەرەنساوە بۆ ئەڵمانیا گوازرایەوە و رێخۆشکەرێك بو بۆ سەرهەڵدانی بیری نازی لەو وڵاتەدا.

**ئاراستەی دووەم**: پێی وایە کە ژینگەی کۆمەڵایەتی زاڵە بەسەر کاریگەری بۆماوەییدا، بۆیە بەپێچەوانەی ئاراستەی یەکەم رۆڵی ژینگە و پەروەردە پێش رۆڵی بۆماوە دەخات. جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤) یەکێکە لە لایەنگرانی ئەو ئاراستەیە و پێی وابو مرۆڤ لە کاتی لە دایکبونیدا نە خراپە و نە چاك، بەڵکو (لاپەڕەیەکی سپی)یە و پاشان بەرێگەی پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتی و پێگەیاندن باش یان خراپی لێ دەردەچێت.

زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی ئەمڕۆ پێیان وایە کە راستیەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو ئاراستەکە، چونکە جیاوازی نێوان مرۆڤەکان لە لایەك بە هۆی جیاوازیە بۆماوەییەکانیانەوە و لە لایەکی دیکەش بە هۆی جیاوازی ژینگە و پەروەردەی کۆمەڵایەتیانەوە، سەرهەڵدەدات. بەواتای (بۆماوە) مرۆڤ ساز دەدات بۆ ژیان بەڵام بۆماوە تەنها لە ژێر کارگەری ژینگەدا کاریگەری دەبێت. بۆ نموونە لەوبارەیەوە دەڵێن (بۆماوە توانای قسەکردنمان پێ دەبەخشێت بەڵام رەوانبێژمان ناکات).

بەگشتی هۆکاری بایۆلۆژی لەم تەوەرانەی خوارەوەدا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دادەنێت:

أ- کاریگەری ژینگەی تەندروستی گشتی، کە بۆماوە بنەمایەکی سەرەکیەتی، لەسەر پێشکەوتن و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ب- کاریگەری بۆماوە لەسەر کارلێکی نێوان مرۆڤ و سروشت و پاشان هەرەمی دانیشتوان (رێژەی نێر بۆ مێ، رێژەی لەدایکبوون بۆ مردن، رێژەی پیر بۆ منداڵ.....هتد).

## ٢-٧ : هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان

ئەمانیش دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕەونبکرێنەوە:

### ١- دۆزینەوە و داهێنان و تەکنۆلۆژیا

مەبەست لە دۆزینەوە Discovery بریتیە لە دەرککردنی شتێك کە لەمەوپێش نەزانراوبوە بەلای خەڵکەوە (وەك دۆزینەوەی دەرمانی پەنسلین)، بەڵام داهێنان Invention بریتیە لە تێکەڵکردنی چەند توخمێك یان دۆزینەوەیەك لە شێوازێکی نوێدا (وەك تێکەڵکردنی یاساکانی کارەبا و کیمیا لە داهێنانی گڵۆپدا)، تەکنۆلۆژیاش Technologyبریتیە لە سەرجەمی ئامراز و کەلوپەل و سیستەمی کۆکردنەوە وکۆنترۆڵ و هەڵگرتن و گواستنەوەی وزە و زانیاری، بەمەبەستی بەرهەمهێنان و توێژینەوە و...هتد.

ئاشکراشە کە داهێنراوە و دۆزینەوەکان، تەنها لە چوارچێوەی ئەو ناوچەیەی تیایدا سەریانهەڵداوە نامێننەوە، بەڵکو بەشوێن و ناوچەی دیکەدا بلاودەبنەوە.

هەروەها دۆزینەوە و داهێنان بە دوو توخمی گرنگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێن، بۆ نموونە دۆزینەوە پزیشکیەکان کاریگەریەکی مەزنیان هەبوە لەسەر ژمارە و قەبارەی دانیشتوان لەوەشەوە لەسەر باری کۆمەڵگاکان. یان داهێنانی تەلەفزیۆن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوە هۆی ئەنجامدانی گۆڕانێکی مەزن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا (وەك بواری خێزان، شێوازی کات بەسەربردن،

دەستخستنی زانیاری سیاسی و ئابووری و...هتد) [1].

گۆڕانی کۆمەلآیەتی وەك ئەنجامی دۆزراوە و داهێنراوەکان بەهۆی ئەوە رودەدات، کە کەڵەکە بوون و بەرەوپێشچوونی بـواری مـاددی کۆمەڵگا بەهۆی ئەو هۆکارانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، دەبێتە هۆی پێڕانەگەیـشتنی بـواری واتـایی (نـا مـاددی) کۆمـەڵگا بـە بـوارە ماددیەکەی، لەوەشەوە بوارە ماددیەکـە دەبێتـە پاڵنـەرێکی بـەهێز بـۆ ئەنجامـدانی گـۆڕان لـەبوارە واتاییەکەشـدا[2]. بـۆ نموونـە شۆڕشـی پیشەسازی و تەکنۆلـۆژی لە ئەوروپا بوە بنەمایەك بۆ رامالێنی ئاراسـتە و بیروباوەڕ و دابونەریتی سیستەمی دەرەبەگایەتی وەك: مافی خواهانەی پاشایان، دەسەلآتی کەنیسە، ڕیزبەنـدیی کۆمەلآیـەتی دەرەبەگایـەتی و گەلـێك دابونەریتی تایبەتی سـەبارەت بـە رەگـەز و ئـایین و سیاسـەت و.....هتد[3].

بـــەلأم داهێنـــان و دۆزراوەکـــان، وەك هۆکـــارێکی گـــۆڕانی کۆمەلآیەتی بۆ ئەوەی کارابن، پێویستە چەند مـەرجێکی پـێش وەختـە هەبن، تا لـە لایەك دەرفەت بـۆ داهێنـان و دۆزینـەوە بڕەخـسێت، لـە لایەکی دیکەش گۆڕانی کۆمەلآیەتیان لیّ بکەوێتەوە، لەوانەش[4]:

أ- بوونی دۆخێکی رۆشـنبیری پاڵنـەر بـۆ داهێنـان و قبـوڵکردنی ئەنجامەکانی.

---

1- د.معن خليل، المصدر السابق،ص ١٥١-١٥٢.

2- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص١١٩.

3- د.محمد أحمد الزعبي، المصدر السابق،ص٩١.

4- د. زايد و د.علام، المصدر السابق، ص٣٤-٣٥.

ب- بوونی سیستەمێك لە بەها و ئاراستەی کۆمەڵایەتی هاندەر بۆ داهێنان و بلاوکردنەوەی.
ج- ونی ئاست و توانای عەقڵی گونجاو و لەبار، تا بەشداری لە پرۆسەی داهێنان و دۆزینەوەدا بکات.

(کۆمەڵناسی پیشەسازی)ش یەکێکە لە لقەکانی زانستی کۆمەڵناسی، کە دیراسەی کاریگەریەکانی گۆڕانی تەکنۆلۆژی و پیشەسازی لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی، یان پێچەوانەکەی، دەکات. لەوانەش[1]:

أ- دابەشکردنی کار، ئەمەش لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بەرروونی دەردەکەوێت، هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمە یاساییەکان.
ب- سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بەهای کۆمەڵایەتی نوێ وەك بەرەنجامی گۆڕانە تەکنۆلۆژیەکان بۆ نموونە: پتر بوونی هەریەك لە بەهای کات، بەها و پێگەی ئافرەت، بەهای کار.....هتد.
ج-پتربوونی گرنگیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان و خێرابوونی پێشکەوتنیان بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە.
د- بە پراگماتیکی و بەپلان بوونی خەڵك لە رەفتار و بڕیار و پەیوەندیەکانیاندا.
هـ- سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچ لە لادێوە بۆ شار، کە دەبێتە هۆی لە گرێژنەچوونی ژیانی تەقلیدی هەریەك لە لادێ و شار.

---

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص١١٨-١١٩.

هــەروەها بەگــشتی لادێکــان دەپوکێنــەوە و شــارەکانیش هەڵداوسێن.

## ٢- پەیوەندیە کەلتوریەکان

مەبەست لە پەیوەنـدی کـەلتوری بریتیـە لــە بەیەکگەیـشتنی دوو کەلتور بەشێوەیەك یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوەی تریان دابنێـت، یان هەردوکیان ئاڵوگۆڕی کاریگەری لەسەر یەکتری بکەن[١].

هەمیــشە کلتورەکــان ســـوود لەیــەکتری وەردەگــرن، هــیچ کەلتورێك، لانی کەم لەم سەردەمەی ئـەمڕۆدا، بـێ خـەوش و سـەدا سەد ئەسڵ نیە، بەواتای هەمیشە کلتورەکان توخمی کلتورە بیانیەکانیان تێدایە، هەندێك لە توخمی کلتورەکـان بـە جیهانـدا بلأوبونەتـەوە، بـە شێوەیەك کە مۆرکێکی مرۆڤانـەی جیهانیـان وەرگرتـوە، بـۆ نموونـە: ڕەوڕەوە و گاسن و ڕستن و چنین و شووشە و ...هتد، یان سێ ئایینـە ئاسمانیەکەی (ئیسلام و مەسیحی و جولـەکە) [٢].

پەیوەنـدی کـەلتور و بەیەکگەیـشتنی کلتورەکـان بەگـەلێك هـۆ رودەدات لەوانــەش داگیرکردنــی ســەربازی، کــۆچ، ئــاڵوویری بازرگانی، گەشتوگوزار، یـان بـە ڕێگـەی هۆیـەکانی پەیوەنـدی وەك راگەیاندن و ئامێرەکانی پەیوەندی نوێ و ....هتد[٣].

---

1- د. زايد و د.علام، المصدر السابق، ص٣١.

2- د.محمد سعيد فرج، مـا علـم الاجتمـاع، منـشأة المعـارف بالاسـكندرية، مـصر، ١٩٨٧،ص٢٧٨.

3- د. قيس النوري ، المصدر السابق،ص٣٥٧.

کـــاتێکیش بەیەکگەیـــشتنی کـــەلتوری لـــە نێـــوان دوو کلتـــوردا رودەدات، مەرج نیە کاریگەریان لەسەر یەکتری هاوتابێـت، بەگـشتی کەلتورە لاوازەکە دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری کـەلتورە بەهێزەکـە و بیروبۆچون و توخمی نوێی لێوەردەگرێت. هەنـدێك جـاریش کـەلتورە بەهێزەکە بیروبۆچوون و باوەڕو شێواز و توخمەکانی خـۆی، بەرێگـەی هێزەوە، بەسەر کەلتورە لاوازەکـەدا دەسـەپێنێت، بـەلاّم ئەمـە مانـای ئەوەنیە رێگـەی خۆسـەپاندن تاکـە رێگـەبێت، بـەڵکو گـەلێك جـار کۆمەڵگاکان، لەخۆوە (وەك لاسایی یان پێویستی)، سود لە کەلتوری کۆمەڵگای دیکە وەردەگرن.

بۆ نموونە کۆمەڵگا تەقلیدیەکان شـێوازی کـەلتوری نـوێ، بـەبێ ئەوەی کەس بەسەریاندا بسەپێنێت، وەردەگـرن، ئـەو پرۆسـەیەش بـە نوێگـەرایی Modernization ناسـراوە، کـە تیایـدا پەسـندکردن و وەرگرتنی کەلتورێکی نـوێ بـە رێگـەی پـلان و نەخـشە، عاقلاّنـە و ئینتقائیانە جێبەجێ دەکرێت، وەك لە ژاپۆن لە دوای جەنگی دووەمی جیهان روویدا[1].

بەواتای لەکاتێکـدا هەنـدێك لـە توخمـەکانی کـەلتورە نوێیەکـە، لەلایەن کەلتورێکەوە، پەسند دەکرێن و وەردەگیرێن، لە هەمان کاتدا و لەلای هەمان کـەلتور، هەنـدێك تـوخمی کـەلتورە نوێیەکـە بـەلاوە دەنـرێن و رەتدەکرێنـەوە[2]. ئەمـەش دەوەسـتێتە سـەر بـارودۆخی کۆمەڵگاکە لەوکاتەی پەیوەندیە کەلتوریەکـەی تێـدا رودەدات، وەك

---

1- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٣١.

2- د.محمد سعید فرج، المصدر السابق، ص٢٧٩.

ئاست و قوڵیی و چەندایەتی پەیوەندیەکە، پلە و توانـای بەربـەرەکانی کەلتورە تەقلیدیەکـە، ڕۆڵـی سیـستەمی سیاسـی لـە بڵاوکردنـەوەی کەلتورە نوێیەکەدا[1].

## ٣- هۆکاری ئابووری

ئیبن خەلدون یەکێکە لە پێشەنگی ئەو هزرمەنـدە گەورانـەی کـە کاریگەری هۆکاری ئابووری لەسەر دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمـەڵگای بـاس لێـوە کـردوە و گرنگـی پێـداوە، لەسـەر ئـەو بنەمایـەش کۆمـەڵگاکان پـۆلێن دەکـات بـۆ شارنـشینەکان و گوندنشینەکان. هەروەها مەرکیز دیلاڤار پێی وایە پیشەی هـەرتاکێکی کۆمەڵگا کاریگەریەکی فراوانی لەسەر دەروون و کەسایەتی ئەو تاکـە هەیە. پاشان فەیلەسوفی ئەڵمانی کریستیان گارڤە ئەوەی خستەڕوو کە جیاوازی نێـوان چـینە کۆمەڵایەتیـەکان، کـە بـاری ئـابووری بنـەمای سەرەکیەتی، لە ناو کۆمەڵگایەکدا گەلێك زیاترە لە جیـاوازی نێـوان گەلان لەیەکتری.

پاشـان لەگـەڵ شـکڵگرتنی چـینی بـۆرژوا و چـینی کرێکـار لـە کۆمەڵگاکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، گەلێك لە هزرمەنـدەکان لەسـەرووی هەمووشیانەوە کارل مارکس، جەختیان لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە کـە شـێوازی بەرهـەم هێنـان (هۆکـاری ئـابووری) بنـەمای سـەرکیە لـە دیاریکردنی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگاکاندا.

---

1- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٣٢.

بیرۆکەی مارکس کە بە تێگەیشتنی ماددی بۆ مێژوو ناسراوە، لەوەدا چڕدەبێتەوە، کە مێژووی مرۆڤایەتی برتییە لە مێژووی کێشمەکێشە چینایەتیەکان، سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانیش لە شێوازێکی بەرهەمهێنانەوە بۆ شێوازێکی دیکە، لەژێر کاریگەری دژەکانی نێوخودی ئابووریەکانیاندا، دەگۆڕێن[1].

## ٧-٣: هۆکاری سیاسی

بێگومان کاریگەری سیستەمی سیاسی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. چونکە سیستەمی سیاسی، لەهەر کۆمەڵگایەکدا، پەیوەندیەکان ڕێکدەخات و ستراتیژی گشتی، بە مەبەستی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابووری و پێشخستنی کۆمەڵایەتی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش، دادەڕێژێت[2].

لەراستیدا کاریگەریی سیستەمی سیاسی لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا (کۆمەڵگاکانی راو و کۆکردنەوەی بەروبوومی سروشتی) کەم بوە، بەڵام پاشان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکاندا ئەو کاریگەرەیە پتر بوە، تا ئەوەی سەرکردە و پاشا و حکومەتەکان رۆڵێکی فراوانیان لەسەر ئاراستەو تێکڕای گۆڕان لە کۆمەڵگاکاندا بینیوە[3].

1- د. صادق الأسود، المصدر السابق،ص١٦٥ ومابعدها.

2- د. زايد و د.علام، المصدر السابق، ص٣٢.

3- أنتوني غدنز،علم الاجتماع،ط١،ترجمة وتقديم د.فايز الصياغ،المنظمة العربية للترجمة و مؤسسة ترجمان،بيروت،٢٠٠٥،ص١٠٧.

بەپێی بۆچونی گیدنز لە سیستەمی دیموکراسیدا بە ڕێگەی بەشداری هاولاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا، لەڕێگەی حزبەکان و دەنگدان و نوێنەرایەتی کردن لە دەستەکانی یاسادانان و حکومەت، هەروەها لە ڕێگەی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانەوە گۆڕان لە کۆمەلگاکاندا دێتەدی، بەلام لە سیستەمە تۆتالیتاریەکاندا، کە تائێستاش لە زۆر ولاتدا بەرقەرارە، سیستەمی سیاسی بەربەستە لەبەردەم گۆڕانی کۆمەلایەتیدا، بۆیە مەگەر گۆڕان تەنها لە ڕێگەی (شۆڕش)ەوە ڕوبدات کە لەڕێگەیەوە جەماوەر گۆڕانکاری بنەڕەتی و ریشەیی لە سیستەمی سیاسیدا ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە گۆڕانە کۆمەلایەتیە خوازراوەکان بێنەدی[1].

لەو چوارچێوەیەشدا دەبینین شۆڕشی فەرەنسی سالی ١٧٨٩ وەك گۆڕانێکی سیاسی، بوە هۆی هێنانەدی گۆڕانێکی کۆمەلایەتی قوول و فراوان، نەك هەر لەسەر ئاستی فەرەنسا، بگرە لەسەر ئاستی سەرجەم کیشوەری ئەوروپاش. چونکە شۆڕشەکە بوە هۆی رامالینی سیستەمی دەرەبەگایەتی و بلاوبونەوەی چەمکەکانی حکومەتی گەل و ئازادییە سیاسییەکان.

هەروەها شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ لە روسیا بوە هۆی نەهێشتنی سیستەمی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی لە ولاتە. یان لەبەرەی سیستەمە دیموکراسیەکاندا، سیاسەتەکانی هەریەك لە حکومەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، بە ئاراستەی فراوانکردنی رۆلی دەولەت لە بواری ئابووریدا

1- نفس المصدر السابق،ص٤٨٦.

و بـەکارهێنانی سیـستەمێکی بـاجی پێـشکەوتوو لــە دوبـارە دابـەش کردنەوەی داهات و جێبەجێکردنی بەرنامە نیشتمانیەکان بۆ بەدیهێنانی خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایـەتی، کاریگەریـەکی کۆمەڵایـەتی فراوانیـان لەسەر ئاستی دوور هەبوو[1].

بۆیە لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیەی لە نێوان گـۆڕانی و سیاسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، تۆم بۆتۆمۆر دەڵێت: (کەس گومـانی لەوەدا نیـە ئەگـەر وڵاتـە فاشـیەکان لـە جـەنگی جیهـانیی دووەمـدا سەرکەوتبان، ئەوا مێژووی جیهان بە جۆرێکی جیـاواز لـەوەی ئێـستا دەبوو)[2] بـەواتای سیـستەمی سیاسـی ڕەنگدانـەوەی مـەزنی دەبێـت لەسەر ژیانی کۆمەڵگاکان.

لەوەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کـە پرۆسـە کۆمەڵایەتیـەکان تێکەڵ و بەیەکەوە وابەستەن و سنووری نێوانیان روون نیـە، بـۆ نمونـە سنوری نێوان پرۆسە سیاسیەکان و پرۆسە ئابووریـەکان، یـان پرۆسـە ئابووریـــەکان و گۆڕانـــە تەکنۆلۆژیـــەکان وا بەســـانایی لەیـــەکتری جیاناکرێنەوە.

کەواتە گێڕانـەوەی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـۆ تـەنها یـەکێك لــەو هۆکارانە بەتەنیا کارێکی دروست نیە. یان مەرج نیە لە هەموو کات و ساتێکدا سەرهەڵدانی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان بەیەك ریزبەندی جـێگیر

---

1- عبدالوهاب حميد رشـيد،التحول الـديمقراطي والمجتمـع المـدني،دار المـدى للثقافـة والنشر، ط١،دمشق،٢٠٠٣،ص٣٢-٣٣.

2- توم بوتومور،علم الاجتماع الـسياسي،ترجمة د.ومـيض نظمـي،ط١،دار الطليعـة، بيروت، ١٩٨٦،ص١١٧.

له هۆكارەكان بێته دی. وەك:

گــۆڕانی ئــابوری ←گــۆڕانی سیاســی← گــۆڕانی ...

←گۆڕانی كۆمەلاّیەتی

یان هەر ریزبەندیەكی دیكەی لەو چەشنە. بۆ نموونە لە ئـەوروپای رۆژئاوا، گۆڕانە ئابووریەكان سەرەتایەك بوون بۆ سـەرهەلّدانی چـینی بۆرژوا، كە بە ڕۆڵی خۆی سەرەتایەك بـوو بـۆ سـەرهەلّدانی گۆڕانـە سیاسی و پاشان گۆڕانە كۆمەلاّیەتیەكان، بـەلاّم لـە زۆربـەی ولاّتـانی كیشوەری ئاسیادا هـاتنی ولاّتـانی ئـەوروپی وەك داگیركـەر و پاشـان دامەزراندنی سیستەمی سیاسی نوێ لەو ولاّتانە بوونە بنەما بۆ گـۆڕانی ئابووری و پاشان گۆڕانی كۆمەلاّیەتی كۆمەلّگاكانیان.

یـان شـۆڕش و راپـەڕین و رووداوە سیاسـییەكانی عێـراق بوونـە بنەمایەك بۆ ئەوەی گۆڕانێكی سیاسی مەزن لە كۆمەلّگای كوردسـتان بـەرپاببێت، كـە خـۆی لـە دامەزرانـدنی هـەرێمی كوردسـتان و بەرقەراربوونی كەشێكی دیموكراسی لەسالّی ١٩٩١ بینیەوە، ئەمانەش بوونـە بنەمایـەك بـۆ ئـەوەی گـۆڕانێكی ئـابووری گـەورە و پاشـان گۆڕانێكی كۆمەلاّیەتی فراوان بەدوای خۆیاندا بهێنن.

## ٨ : تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

لەبەرئـــەوەی کۆمـــەڵگا، وەك توێژینـــەوە کۆمەڵایـــەتی و ئینترپۆلۆجیـەکان سـەلماندویانە، هەمیـشە لــە بـارێکی دینـامیکی و گۆڕاندایـە، هـەروەها گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی دیاردەیەکـە پەیوەسـت و پەیوەندارە بە ژیـان و بەرژەوەنـدی تاکـەکانی کۆمەڵگاکانـەوە، بۆیـە دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەمیـشە، بۆتـە جێـی سـەرنج و تێبـینی فەیلەسوف و هزرمەند و زانایان، چاودێریان کردوەو هەوڵیانداوە لـە شێواز و سیستەمەکەی تێبگـەن، لەوەشـەوە لێکدانـەوەی بـۆ بکـەن، پاشان تیۆری تایبەتی بۆ دابڕێژن.

لــەو چوارچێوەیەشــدا، بــە جیــاوازی فەلــسەفە یــان قوتابخانــە کۆمەڵناسیەکان، تیۆری جیاجیا بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەرکـەوتوون، بەڵام هێشتا، هیچ کـام لـەم تیۆرانـە نەگەیـشتونەتە قـسەی کۆتـایی. چونکە ئەگەر واقعـی کۆمەڵایـەتی هەنـدێك بەڵگەنەویـست و دەلیـل لەسەر راستی و دروسـتی تیـۆرێکی تێـدابێت ئـەوا چـەندین دەلیـل و بەڵگەنەویستیشی تێدایە کە بەکەموکورتی تیۆرەکە دەژمێردرێن. بـەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت دیاردەی گۆڕان قابیلی لێکدانەوە نیە یـان هیچ هـەنگاوێك بـەرەو لێکـداوەی ئـەو دیاردەیـە نـەنراوە. بـەڵکو هەوڵەکان بۆ لێکدانەوەی دیاردەکە بەرەوپێشـچوون و لـەراستیـشیان نزیك خستووینەوە[١].

---

1- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٤١. هەروەها د. محمد الـدقس، المـصدر السابق،ص٧١.

ژمارەی تیۆرەکانی بۆ لێکدانەوەی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی دانـراون گـەلێك زۆرن، بـەڵام دەتوانرێـت دابەشـبکرێن بەسـەر دوو پـۆلی سەرەکیدا، کە هەر پۆلێکیشیان بەرۆڵی خۆی چەند ئاراستە و چەندین تیۆر لەخۆ دەگرن، بەم شێوەیەی خوارەوە[1]:

**١- تیۆرە کلاسیکیەکان (فەلسەفیەکان):**

- تیۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی (نظريات التقدم الاجتماعي).
- تیۆرەکانی خولی کۆمەڵایەتی (نظريات الدورة الاجتماعية).
- تیۆرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی (نظريات التطور الاجتماعي).

**٢- تیۆرە نوێیەکان (سۆسیۆلۆجیەکان):**

- تیۆرە فاکتەریەکان (النظريات العواملية).
- تیۆرە هاوچەرخەکان (النظريات المعاصرة).

**٨-١: تیۆرە کلاسیکیەکان ( فەلسەفیەکان )**

ئەو تیۆرانەن کە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی لەسـەر بنـەمای گریمانـە و تێـڕوانینی فەلـسەفی لێـك دەدەنـەوە. بـەواتای لەسـەر بنـەمای لێکۆڵینەوەی زانستی و تاقیکردنەوە دروست نەبوون، بەڵکو بریتین لە تێڕوانینێکی فەلسەفی، بە شێوەیەکی گـشتی، بۆگـشت کۆمـەڵگاکان، بەبێ ڕەچاوکردنی کاتوشوێن، سەیری دیاردەی کۆمەڵایـەتی دەکـەن.

---

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص٧٣.

بەواتای مرۆڤایەتی بەگشتی وەردەگرن و بەتاکەتاکە لـە کۆمـەڵگاکان ناکۆڵنـەوە. ئـەمانیش بـە ڕۆڵـی خۆیـان دابـەش دەبـن بەسـەر سـێ ئاراستەدا[1]:

## ١- تیۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی:

بەپێی ئـەم تیۆرانـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی بەیـەك هێڵـی ڕاسـت و هەمیشە بە ئاراستەی پێشەوە ڕوودەدات، واتـا لادان و گەڕانـەوە بـۆ دواوەی نیە[2].

بەگشتی ئەم تیۆرانە گریمانەی ئەوە دەکەن، کۆمەڵگاکان، هەمیشە لـەژێر کاریگـەری فاکتەرەکانـدا، بـە چـەند قۆنـاغێکی دیـاریکراودا تێدەپەڕن و پێشدەکەون. بەواتای چەند قۆنـاغێکی دیـاریکراوی یـەك لـــەدوای یـەك بـۆ پێـــشکەوتنی کۆمــەڵگاکان دیاریدەکــەن و هــەر کۆمەڵگایەك لە ڕەوتی گۆڕان و بەرەوپێشچونیدا، بەو قۆناغانەدا، یەك لەدوای یەك و بەبێ پەڕاندنیان و بەشێوەیەکی حەتمی، تێدەپەڕێت[3].

لە گرنگترین هزرمەندانی ئەو ئاراستەیەش: جان بۆدان (١٥٣٠-١٥٩٦)، ژان ژان ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)، کۆندریـسە (١٧٤٣-١٧٩٤)، ئۆگست کۆنت (١٧٧٩-١٨٥٧) و گەلێکی دیکە.

لێرەدا تیشکێك دەخەینە سەر تیۆرەکەی ئۆگست کۆنـت، لەبـەر گرنگی ڕۆڵی کۆنت لە زانستی کۆمەڵناسیدا.

---

1- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

2- د.معن خليل، المصدر السابق،ص٢٢٤.

3- د.مجدالـدين عمـر خيري،علـم الاجتمـاع،ط٣،دار مجـدلاوي،عمان، ٢٠٠٥، ص١٩٥.

کۆنت لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا ژیاوە، بۆیە شەڕو ئاژاوای ناوخۆی فەرەنسا وایان لێکرد لە چارەسەرێك بۆ کۆمەڵگای فەرەنسی بگەڕێت و لەو بێسەروبەریە رزگاری بکات. لەو بارەیەشەوە تیۆری سێ بارە (الحالات) کۆمەڵایەتیەکەی لە ساڵی ۱۸۲۲ و تیۆرەکەی سەبارەت بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دانا، کە بەهەردوکیان بۆچوونی کۆنت سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێکدێنن[1].

بەپێی تیۆری کۆنت، کۆمەڵگاکان لە رەوتی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی خۆیاندا، بەسێ قۆناغی یەك لە دوای یەکدا تێدەپەڕن، کە بریتین لە[2]:

أ- قۆناغی لاهوتی، ئایینی Theological Stage

لەم قۆناغەدا ئایین رۆڵێکی مەزن لە ژیانی کۆمەڵگادا دەبینێت، دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان لە روانگەیەکی ئایینیەوە لێکدەدرێنەوە. مرۆڤەکان، بەرامبەر کۆمەڵگا و سروشت، هەست بە لاوازی و بێدەسەڵاتی دەکەن، بەواتای ئیرادەی مرۆڤ فاکتەرێکی گرنگ نیە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. هەمیشە ترس لە هێزە ئاسمانیەکان و هەست و سۆز زاڵە بەسەریاندا.

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص۸۰-۸۱.

2- د.احسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدمة،ط۱، دار وائل للنشر، عمان،۲۰۰۵،ص۱۱۱-۱۱۲.

### ب- قۆناغی فەلسەفی، میتافیزیکی Metaphysical

ئەم قۆناغە لـە دوای قۆنـاغی لاهـوتی دێـت، بـەواتای کۆمـەڵگا سـەرەتا بـە قۆنـاغی لاهوتیـدا تێدەپـەڕێت و پاشـان دەگۆڕێـت و پێشدەکەوێت تا دەگاتە ئەم قۆناغە.

لەم قۆناغەدا هزری سەنگین و حیکمـەت و ڕەوانبێـژی هـزری و پاڵـەوانێتی و داسـتان و وتـاری بریقـەداری بـێ نـاوەڕۆك، زاڵـن. هزرمەندانی ئەم قۆناغە زیاتر خۆیان بە توێژینەوە لە گـەردوون و تەنـە ئاسمانیـەکان و بـەهرەکانی مرۆڤـ و تواناکـانی داهێنـان و هـزرە ئایدیالیەکان خەریك کردوە.

### ج- قۆناغی زانستی واقعی

ئەمەش قۆنـاغی کۆتـایی پێـشکەوتنی کۆمەڵگایـە، کـە تیایـدا بـە شـێوەیەکی زانـستیانە و لەسـەر بنـەمای گـەڕان بـەدوای هۆکـارە ماددیەکاندا دیاردەکان لێك دەدرێنەوەو کێشەکان چارەسەر دەکرێن.

## ٢- تیۆرەکانی خولی کۆمەڵایەتی

تیۆرە خولیەکان لەسەر بیرۆکەیەکی دێرین، کـە دەڵێـت هـەموو شارەزاییەکی مرۆڤـ لـەوەوپێش ڕوویـداوە و مێـژوو خـۆی دووبـارە دەکاتەوە، دامەزراون. لە بارەی کۆمەڵایەتیشەوە ژیـانی کۆمـەڵگا بـە شێوەیەکی ڕێکوپێك دووبارە دەبێتەوە. بەواتای هەمیشە کۆمـەڵگا لـە قۆنـاغی سـەرەتایی دەسـتپێدەکات و پاشـان گەشـەدەکات و کامـڵ دەبێت، پاشان دەگاتە قۆناغی پیربوون. پاشان دەگەڕێتەوە بـۆ قۆنـاغی

سەرەتایی و بەو شێوەیە خولەکە دەستپێدەکاتەوە و بەردەوام دەبێت. لەگرنگترین هزرمەندانی ئەم ئاراستەیەش: ئیبن خەلدون، ماکیاڤیللی (١٤٦٩-١٥٢٧)،سروکین (١٨٨٩-١٩٦٨)، ئەرنۆلد تویێنبی (١٨٨٩-١٩٧٥)[1].

ماکیاڤیللی لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئیمارەتەکاندا دەڵێت: (ئیمارەتەکان بەگشتی و زۆربەی کات، لە ئەنجامی گۆڕانەکاندا، لە باری ڕێکوپێکی و نیزامەوە بۆ باری بێسەروبەری و فەوزا دەچن، پاشان لە فەوزاوە دەگەڕێنەوە بۆ نیزام، چونکە دیاردەکانی ژیان، هەر بەسروشتی خۆیان لە بارێکدا جێگیرنابن، بەڵکو کاتێك دەگەنە ئاستی کامڵ بوونێکی ڕەها، ئەو کاتەی بوار بۆ بالاّتربوون نامێنێت، ئەوا پێویستە دابڕوخێن و بپوکێنەوە، بەو شێوەیە لەبەر ئەوەی داڕوخان و فەوزا دەگاتە ئەوپەڕی و بوار نامێنێت بۆ پتر داڕووخان، بۆیە پێویستە (ئیمارەتەکان) دووبارە هەڵسنەوە و بالاّبنەوە، بەوشێوەیە هەمیشە لە باشەوە بەرو خراپ دادەتەپن و لە خراپەو بەرەو باشیش بالاّ دەبنەوە)[2].

ئەرنۆڵد توینبیش خولی شارستانیەکان بە ڕێسای تەحەددی و وەلاّمدانەوە لێکدەداتەوە. بەرای توینبی هەر شارستانیەك بە تەحەددی، واتای بە خۆگونجان لەگەڵ ژینگە و سوود وەرگرتن لە ژینگەکەی دەستپێدەکات. ئەگەر توانی وەلاّمی دروست و تەواوی ئەو

---

1- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٤٧.

2- توماس س. باترسون، التغيير والتنمية في القرن العشرين، ط١، ترجمة عزة الخميسي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٣١.

تەحەددیانە بداتەوە ئەوا پێشدەکەوێت، بەڵام بەرەورِووی تەحەددای نویٚ دەبێتەوە، کە پێویستە وەڵامیان بداتەوە، بەڵام لەکویٚ نەیتوانی وەڵامی تەحەددیەکان بداتەوە ئەوا تێکدەشکێت و دەپووکێتەوە. بەو شێوەیە لە بۆچوونی توێنبیدا دەکرێت لەهەر کوێیەك و هەر کاتێکدا شارستانی دروست ببێت، بەڵام بۆ هەمیشە بەردەوام نابێت. بەم شێوەیە هەمیشە شارستانیەکان لە بازنەیەکی گۆڕاندان، دروست دەبن و گەشەدەکەن و دەپووکێنەوە و سەرهەڵدەدەنەوە[1].

## ٣- تیۆرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی

ئەم تیۆرانە کۆمەڵگا بە زیندەوەر دەچوێنن، بۆیە لە چوارچێوەیەکی سۆسیۆلۆجیەوە سەیری کۆمەڵگا ناکەن. بیرۆکەی پەرەسەندن یەکێکە لەو بیرۆکە مەزنانەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا زاڵ بوو بەسەر بیری مرۆڤدا. لەو بارەیەشەوە کتێبەکەی داروین بەناوی (بنەچەی جۆرەکان- اصل الانواع) کە لە ساڵی ١٨٥٩ دەرچوو، کاریگەریەکی مەزنی هەبو و وایکرد کە ئەم بیرۆکەیە لە بواری بایەلۆجیەو بچێتە بواری سۆسیۆلۆجی، بەواتای هەندێك زانای سۆسیۆلۆجی دەیانەویست گۆڕان لە کۆمەڵگاکاندا بەهەمان چەشنی پەرەسەندی گیانەوەران لێکبدەنەوە[2].

هێربت سپێنسەر (١٨٢٠-١٩٠٣) یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی بواری تیۆرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێیوابو

---

1- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٤٨.

2- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص٩٩.

کۆمەڵگاکان هەمیشە، وەك لە پەرەسەندنی گیانەوەراندا دەبینین، لە قۆناغی هاوشێوەیی (التجانس) کە لە رووی ئەرکوفەرمانەوە بونیادێکی سادەیان هەیە و تایبەتمەندی (الاختصاص)یان تێدا نیە، بەرەوە قۆناغی ناهاوشێوەیی (اللاتجانس)، کە لەرووی پێکهاتەوە ئالۆزە و بونیادی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن و تایبەتمەندی وەزیفی (التخصص الوظيفي)یان تێدایە، هەنگاو دەنێن.

هەروەها سپێنسەر بەوە ناسراوە کە هەوڵ دەدات تیۆری کۆمەڵایەتی لەگەڵ تیۆری داروین یەك بخات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگاش بەشێکە لە سروشت و یاساکانی سروشتی بەسەردا جێبەجێ دەبێت. بۆیە داوای دەکرد کە دەست لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگا وەرنەدرێت، چونکە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سروشتی رێسای پەرەسەندنی تایبەت بەخۆی هەیە و دەستێوەردانی دەوڵەت لەو پرۆسەیەدا ئەنجامی نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە[1].

## ٨-٢: تیۆرە نوێیەکان ( سۆسیۆلۆجیەکان )

ئەم تیۆرانەش بەڕۆڵی خۆیان دابەش دەبن بۆ دوو پۆلی سەرەکی:

- تیۆرە فاکتەریەکان
- تیۆرە هاوچەرخەکان

1- د.مجدالدين عمر خيري، المصدر السابق،ص١٩٨-١٩٩.

### ١- تیۆرە فاکتەریەکان

ئەو تیۆرانەن کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەبەر رۆشنایی فاکتەرێکی دیاریکراودا وەك فاکتەری تەکنۆلۆژی، یان ئابووری، یان ئیکۆلۆژی، یان.....هتد لێکدەدەنەوە.

ئەم تیۆرانە، لەڕووی کاتەوە تا رادەیەك نوێترن وەك لە تیۆرەکانی پێشو، هەروەها پتر پشت بە لێکدانەوەی زانستی و تاقیکردنەوە و راستی مێژوویی دەبەستن، بۆیە دەکەونە خانەی تیۆرە سۆسیۆلۆجیەکان. بەلاَم پێویستە بزانین کە هەموویان وەکیەك نین، بەڵکو لەرووی ئەو فاکتەری پشتی پێدەبەستن و شیکردنەوە و کاریگەری فاکتەرەکە، لەیەکتری جیاوازن[1].

ئەم تیۆرانە، زۆرجار، بە تیۆرە حەتمیەکانیش ناودەبرێن، چونکە پێیان وایە کە تاکە فاکتەرێك بە شێوەیەکی حەتمی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دادەنێت و دەیگۆڕێت[2].

لە گرنگترین تیۆرە فاکتەریەکانیش بریتین لە[3]:

- تیۆری فاکتەری تەکنۆلۆژی: وەك تیۆری ئۆگبیرن، نمکۆف، میمفۆرد
- تیۆری فاکتەر دیمۆگرافی: وەك تیۆری دبلدای، دیمونت
- تیۆری فاکتەری ئیکۆلۆژی: وەك تیۆری جالین، بێرجس، پارك

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص١١١.
2- د. زاید و د.علام، المصدر السابق، ص٤٢.
3- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص١١١ومابعدها.

- تیۆری فاكتەری ئابووری: وەك تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی كـارل ماركس
- تیۆری فاكتەری كـەلتوری و جۆرەكـانی: وەك تیـۆری گراینـر، سمیس وپری، كرویبر، سوركین

لـە راستیدا ئەم تیۆرانە زیاد رەویەك لـە سـادەكردنەوەی پێكهاتـەی بونیادی كۆمەڵایەتی و بەڕێوەچوونی پرۆسـەی گـۆڕانی كۆمەڵایەتیـدا دەكەن، بۆیە چەند تێبینیەكیان دەربارە تۆماركراوە[1]:

أ- هەریەك لـەم تیۆرانە پشت بەفاكتەری جیاواز دەبەستن و دەیكەنـە بنەما و هۆكاری سـەرەكی روودانـی گـۆڕانی كۆمەڵایـەتی، لـە واقعی كۆمەڵایەتیشدا بەڵگەی راسـتی و دروسـتیەكەی دێننـەوە. بۆیە هەر ئەوە دەیسەلمێنێت كە هیچ كام لـەم تیۆرانە ناتوانێـت بـە تەنیا و بەتەواوی راست بێت، هەروەها ئەو راستیە مانای ئەوەیـە كە پرۆسەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی زۆر فراوانە و گـەلێك فاكتـەر تێیدا بەشدارن.

ب- پشت بەستن بە یەك فاكتەر لـە روودانـی گـۆڕانی كۆمەڵایەتیـدا، واتا جۆرێك لـە حـەتمی بەخـشین بـە گـۆڕان لـەژێر كاریگـەری فاكتەرێكدا. ئەمەش واتا ئاراستەی رووداوەكانی ناو كۆمەڵگا بـە پشتبەستن بەو فاكتەرە، پێشوەخت زانراو و دیاریكراودەبن. بەڵام ئەمە لـەگـەڵ راسـتیە مێژووییەكانـدا ناگونجێـت، چـونكە گـەلێك گۆڕان و پێـشهات، لـەگـەڵ ئـەوەی هەرچـاوەڕوانیش نـاكرێن،

1- هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەڕە ١٥٩-١٦٠.

هاتونەتەپێش، وەك سەرهەڵدانی دیموکراسی و جێگیربوونی لە کۆمەڵگا فراوان و مەزنەکاندا، بە هۆی دیموکراسی نوێنەرایەتیەوە، لەکاتێکدا واچاوەڕوان دەکرا کە سیستەمی دیموکراسی تەنها لە کۆمەڵگا بچوکەکاندا بەرقەراربێت. یان وەك سەرهەڵدانی سیستەمی سۆسیالیستی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا، لەکاتێکدا واچاوەڕوان دەکرا ئەم سیستەمە لە سەرەتادا لە وڵاتانی سەرمایەداری پیشەسازی پێشکەوتو دەربکەوێت.

ج- ئەم تیۆرانە رۆڵی ئیرادە و توانا و زیرەکی مرۆڤ، لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، کەمدەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەی بە پێچەوانەوە ئیرادەی مرۆڤەکان و توانا زانستی و داهێنراوەکانیان رۆڵێکی مەزن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت.

د- لەبەر ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی بەردەوامە، بۆیە دەبێت فاکتەرەکەشی لە گۆڕانی بەردەوامدابێت. لەوەشەوە بەستنەوەی گۆڕان بەیەك فاکتەرەوە ناتوانێت بەردەوامی گۆڕان لێکبداتەوە، چونکە فاکتەرەکە بە شێوەیەکی بەردەوام ناتوانێت بگۆڕدرێت.

## ٢- تیۆرە هاوچەرخەکان

لەبەر ئەوەی دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی فراوان و ئاڵۆزە، بۆیە هیچ کام لەتیۆرەکانی پێشوو نەیانتوانی وەڵامێکی تەواوی دیاریکەری هۆکار و شێواز و سیستەمی گۆڕان بداتەوە. بۆیە بابەتەکە

وەك بابەتێکی زیندووی بـواری کۆمەڵناسـی ماوەتـەوە و زانایـان لـە لێکدانەوەی نەکەوتوون. بۆیە لە قۆناغی هاوچەرخیشدا گەلێك تیـۆر بـۆ لێکدانـەوەی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی دەبیـنین. لـە گـرنگترین ئـەو تیۆرانەش[1]:

أ- تیۆری وەزیفی (النظرية الوظيفية)

ب- تیۆرە نوێگەراییەکان (النظريات التحديثية)

ج-ئاراستەی نوێگەرایی دیکە (اتجاهات تحديثية اخرى)

وا لەخوارەوە بەکورتی باس لەهەر بەشێکیان دەکەین:

**أ- تیۆری وەزیفی (النظرية الوظيفية)**

چەمکی وەزیفی Functionalism لە کۆتایی سـەدەی نـۆزدەدا لـە ولاتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا سـەری هەڵـدا. مەبەسـت لێـی ئـەو ئاراستەیەیە کە پێی وایە (سـەرجەم دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکان بەیەکـەوە پەیوەستن و تیۆری کۆمەڵناسیش پێویستە لـە دەوروخـولی پەیوەنـدی بەش (الجزء) بەگشت (الکـل) و گـشت بەبـەش بـسورێتەوە......بـە واتایـەکی دیکـە: سیـستەمی کۆمـەڵگا سیـستەمێکی راسـتەقینەیە، بەشەکانی، بۆ ئەوەی گشت پێکبێنن و جێگیری بکەن، هەڵدەسـتن بـە ئەنجامدانی فەرمانە سەرەکیەکان، هەنـدێك جـاریش گـشت فـراوان و بەهێزیش دەکەن، لەوەشەوە ئەو (بەش)انە دەبنـە پاڵپـشتی یـەکتری و

1- هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەڕە ١٦٦.

یەکتری تەواو دەکەن)[1].

ڤالفرید پاریتو، مالینۆڤسکی، تالکۆت پارسۆنز لە بەناوبانگترین وەزیفیەکانی کۆمەڵناسی دەژمێردرێن.

بەگشتی لایەنە سەرکیەکانی تێڕوانینی وەزیفیەکان بۆ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتین لە[2]:

- سەیرکردنی سیستەمی کۆمەڵگا وەك سیستەمی لەشی بونەوەر.
- ئەو سیستەمە لە ئەنجامی بوونی پێویستیەکی ناوەکیەوە دروست بوە، هەر ئەو پێویستیەش دەیپارێزێت و بەردەوامی پێ دەبەخشێت. ئەو پێویستیەش بریتیە لە هەوڵدان بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی تاکەکانی (مرۆڤەکان) سیستەمەکە.
- تێرکردنی پێداویستیەکانی سیستەمەکە تەنها بەیەك ڕێگا نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی زنجیرەیەك لە کێشمەکێشی شێواز (صراع الطرق) یان کێشمەکێشی کردار (صراع الافعال) دەبێت، بەلام ئەمە نابێتە هۆی لەناوبردنی سیستەم (هەروەك چۆن لە سیستەمە بایۆلۆجیەکاندا ڕوودەدات).
- بەپێی ئاراستەی وەزیفیەکان، تێکچوون یان لادانی سیستەم کارێکی کاتی و ڕێژەییە، بەواتای بەردەوام و هەمیشەیی نیە، بەڵکو سەقامگیری و هاوسەنگی خەسڵەتی هەمیشەیی و ڕەهای سیستەمە (ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی بۆچوونی دیالەکتیکیە کە پێیوایە (یەکبوونی دژەکان- وحدة التضاد) بارێکی کاتییە و

1- د.احمد الزعبي، المصدر السابق،ص١١٥.

2- هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەڕە ١٢١-١٢٢.

کێشمەکێشی نێوانیان باری بەردەوام و ڕەهایە).

- میتۆدی وەزیفی، بە ئامانجی گەیشتن بەوەی نیزامی کۆمەڵایەتی لەکاتی توێژینەوەکەدا، وەك بەشێك لە گشتی کۆمەڵایەتی یان وەك بەشێك لە شارستانیەتی گشتی، ڕۆڵی چیە؟ پشت بە جۆرێك لە شیتەڵی کۆمەڵایەتی (التشريح الاجتماعي) دەبەستێت. بە واتای میتۆدی وەزیفی نیزامی کۆمەڵایەتی وەك یەك بڕگە (المقطع) لەیەك ساتەوەختی دیاریکراو وەردەگرێت و لە وەزیفەکەی بەگوێرەی سیستەمی گشتی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە. هەر وەك چۆن یەکێك بڕگەیەك لە فیلمێك وەربگرێت و بەوردی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکات و بزانێت ئەو بڕگەیە چ ڕۆڵێك لە گشت فیلمەکەدا دەبینێت.
- سەرجەم لقەکانی وەزیفیەکان چەمکەکانی وەك: سیستەم System، بونیادی کۆمەڵایەتی Social Strcture، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی Social Role، وەزیفەی کۆمەڵایەتی Social Function، نیزام Order، پێگە Status، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی Social Equilibrium، بەکاردەهێنن.

وەزیفیەکان پێیان وایە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە هێواشی ڕودەدات و سنووردارە و گۆڕانەکەش لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات. هەروەها گەلێك فاکتەری بەیەکەوە پەیوەستیش بەشداری تێدا دەکەن.

تالکۆت پارسۆنز کە بەنوێنەری وەزیفیەکان دەژمێردرێت پێیوابو هەمو سیستەمێك لەکۆمەڵێك بەشی بەیەکەوە پەیوەست پێکدێت. سەقامگیری سیستەمیش لە هاوسەنگی پەیوەندیەکانی نێوان

پێکهاتەکەی و پرۆسەکانی کە لــە دەوروبــەری روودەدەن، دروســت دەبێت.

بەواتای کاتێك گۆڕانکاری لەدەوروبــەری سیــستەمدا روودەدات ئەوا بەشەکانی سیــستەم لــەنێوان خۆیانــدا کارلێــك دەکــەن و بــاری ناوخۆی سیــستەم رێکدەخەنــەوە بــە شــێوەیەك کارلێکــەکانی دەرەوە هاوسەنگی و جێگیری سیستەم تێکنەدەن، هەروەك چۆن گیانەوەر لــە رێگەی ئەرك و چالاکی توخم و ئەندامەکانیەوە پلەی گەرمی خۆی لە پلەیــەکی دیــاریکراودا دەپــارێزت هەرچــەند پلــەی گــەرمای دەرەوە بەرزبێتەوە یان نزمبێتەوە.

کەواتە گۆڕانــەکانی نــاوخۆی سیــستەم بەئاراســتەیەك دەبــن، کــە لەبەردەم گۆڕانە دەرەکیەکاندا، هاوسەنگی سیستەم بپارێزن. بۆ نموونە سیــستەمی کــشتوکاڵی تەقلیــدی لەســەر بنــەمای کــاری خێزانــی و هاریکاری و بەیەکــەوە گونجــان بنیــاتنرابو، بــەڵام کاتێــك سیــستەمی سەرمایەداری هات کە لەسەر بنەمای هاریکاری و رکابەری بنیاتنراوە، ئەوا گۆڕان لە بەهاو رەفتارو...هتدی تاکەکانــدا روویــدا بــۆ ئــەوەی هاوسەنگی سیستەمی کۆمەڵایەتی بپارێزرێت.

کاتێکیش بونیادی سیستەم جێگیر دەبێت، کــە سیــستەم بتوانێــت لانی کەمی داواکاریەکانی بەشەکانی (یەکە پێکهێنەرەکانی) بێنێتــەدی، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێــك سیــستەم نــەتوانێت داخــوازی یەکــەکانی بێنێتەدی ئەوا گۆڕان روودەدات.

بۆ نموونە سیستەمی ئابووری خێزانی (الاقتصاد المنزلی) تا کاتێــك دەیتوانی پێداویستیەکانی تاکەکان تێربکات بــەردەوام بــو، بــەڵام کــە گۆڕان لەدەوربەری روویــداو وای لێهــات نــەیتوانی پێداویــستیەکانی

تاکەکان تێر بکات، ئەوا پێویستبو گۆڕان رووبدات، بۆیە هەر سیستەمەکە لە بنەڕەتەوە نەماو سیستەمێکی دیکە جێگەی گرتەوە. لەوەشەوە وەزیفەی تاکەکانیش لەسیستەمەکەدا گۆڕا[1].

## ب- تیۆرە نوێگەراییەکان (النظريات التحديثية)

ئەم تیۆرانە گۆڕانی تەکنۆلۆژی بە هۆکاری سەرەکی پرۆسەی مۆدێرنەکردن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەگشتی دەژمێرن. بۆیە پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی بە لوتکەی پێشکەوتن دادەنێن، پیشەسازیش بەروخساری سەرەکی و سەکۆی بەرەوپێشچوونی ئابووری دادەنێن، چونکە پیشەسازی کردن هۆیەکە بۆ پترکردنی بەرهەم و بەکاربردن و گەلێك دیاردەی کۆمەڵایەتیشی لێ دەکەوێتەوە وەك: کارکردن بەوردی و بەدیقەتەوە، رێکوپێکی لە دابەشکردنی کار و کات، ئەمانەش هۆکار و پاڵنەری سەرەکین بۆ گۆڕینی کەسایەتی تاکەکان و دابونەریتی کۆمەڵگاکان و...هتد.

بەپێی ئەم تیۆرانە کۆمەڵگا تەقلیدیەکان لەسەر هەمان شێوازی گۆڕان لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکانی رۆژئاوا، بەرەبەرە و بەهێڵێکی راست و هەمیشە بەئاراستەی پێشەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئاستی تەقلیدبوونی کۆمەڵگاش بەپێوەری ئاستی بێجوڵەیی بونیادی کۆمەڵایەتی و گونجاوی و نزمی ئاستی تەکنۆلۆژیا و نزمی داهاتی تاك لە سەرجەمی داهاتی نیشتمانی و نەگۆڕان و رەقهەڵاتنی کەلتوریی،

1- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص١٧٠ ومابعدها.

دەپێوریێت[1].

کەواتــە ئامــانج لــە گــۆڕانی کۆمەڵایــەتی، بــەلای تیــۆرە نوێگەراییەکانەوە، بریتیە لە گۆڕانی کۆمەڵگا تەقلیدیەکان بـۆ ئـەوەی بگەنــە ئاســت کۆمــەڵگا پێــشکەوتوەکان لەهــەردوو روخــساری تەکنۆلۆژی و ئابووریدا.

سملسر و رۆستۆ و مۆر لە زانـا بەناوبانگـەکانی ئـەم ئاراسـتەیەن. سملسر Semelser لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیـدا جـەختی لەسـەر گەشــەپێدانی ئــابووری و جیاکــاری وەك دوو رەگــەزی ســەرەکی نوێگەرایی دەکردەوە. مۆر Moore پرۆسەی نوێگەرایی و پیـشەسازی بەیەکەوە پەیوەست کرد و پێیوابو کە جیاوازی لە نێـوان کۆمـەڵگای تەقلیدی و کۆمەڵگای نـوێ لـە ئاسـتی پیـشەسازی و تـەکنۆلۆژیای بەکارهێنراودایە.

هەروەها بۆ ئەوەی کۆمەڵگا تەقلیدیەکان بگەنە ئاسـتی کۆمـەڵگا نوێیەکان، پێویستە کەلتوری مادی و هزری رۆژئاوا وەربگرن. کەواتە مۆر بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگای تەقلیدی واتا گۆڕانێکی سەرتاپاگیر بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی گەشەکردو لە رووی ئابوورییەوە و پشت بەستو بـە بەتـەکنۆلۆژیای پیـشکەوتو و سەقامگیر لەرووی سیاسییەوە وەك جیهانی رۆژئاوا[2].

1- د. زايد و د.علام، المصدر السابق، ص٥٧.

2- د. محمد الدقس، المصدر السابق،ص١٨٨ ومابعدها.

**ج- تیۆرە نوێگەراییەکانی دیکە**

کۆمەڵێك ئاراستەی دیکـەی نوێگـەرایی هـەن کـە لـە روانگـەی جیاجیاوە باس لە گۆڕانی کۆمەڵایـەتی دەکـەن. لەوانـەش ئیتزیـوونی Etzioni کـە کۆمـەڵێك مـەرج بـۆ گـۆڕانی کۆمـەڵگا تەقلیدیـەکان دادەنێـت. یـان کینگزلـی دیڤـز Kingsley Davis جـەخت لەسـەر لایەنـەکانی دیمـوگرافی نوێگـەرایی دەکاتـەوە و لـەو روەوە بـەراورد لەنێوان کۆمەڵگا نوێیەکان و کۆمەڵگا تازەپێگەیشتوەکاندا دەکات.

هەروەها بێرنارد باربر Bernard Barber لەسەر بنـەمای گـۆڕان و سیستەمی پێکهاتەی چینەکان، بەراورد لە نێوان کۆمەڵگای تەقلیـدی و نـویێ دەکـات. بـەلای ئـەوەوە کۆمـەڵگای تەقلیـدی لـە رووی چینایەتیەوە داخراوە، بەواتای پێگەی چینایەتی مرۆڤەکان ناگۆڕدرێت، بەڵام لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا دەکرێت بگۆڕدرێت.

## ٩- ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی

لەگــەڵ ئــەوەی گــۆڕانی کۆمەڵایــەتی خەســڵەتی گــشت کۆمەڵگاکانەو لە گشت سەردەمێکدا روودەدات، بەلاَم ئەمـە مانـای ئەوەنیە کە پرۆسەی گۆڕان لەخۆوە و بـێ گرێوگـۆڵ بەرێوەدەچـێت، بەڵکو گەلێك فاکتـەر کاریگـەریان لەسـەر روودان یـان روونـەدانی گۆڕان هەیە، یان کاردەکەنە سەر رەوت و ئاراستەکەی یان کاردەکەن سـەر خێرایـی و سـستیەکەی، لـە گـرنگترین ئـەو فاکتەرانـەش کـە دەکرێت ببنەئاستەنگ لە بەردەم گۆڕاندا بریتین لە[1]:

١- **دابڕانـی کۆمـەڵگا:** هەمیـشە کۆمـەڵگای دابـڕاو کـەمتر قـابیلی گۆڕانە، دەکرێت دابڕانـی کۆمـەڵگاش بـەهۆی ژینگـە و پێگـەی جوگرافی بێت وەك: کۆمەڵگا بیابان نشینەکان یان کۆمـەڵگاکانی ناوچەشاخاویە سەختەکان، هـەروەها دەکرێـت هۆکـاری سیاسـی لەپشت بێت و سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا لە جیهانی دەوروبەری دابڕێت، وەك یەکێتی سۆڤیەت و ولاَتانی بلۆکی سۆسیالیستی کە رێگەیان بە تێکەڵی کۆمەڵگاکانیان، لەگەڵ ولاَتانی سەرمایەداری، نەدەدا.

٢- **دابونەریت و کۆنەپارێزی:** دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و چەسپاو، یــان بلاَوبونــەوەی هەســتی کۆنــەپارێزی لــە نێــوان تاکــەکانی

---

1- د.احمد الخشاب، المصدر السابق،ص٦٢ ومابعدها. هـەروەها د. محمـد الـدقس، المصدر السابق، ص٢١٧ ومابعدها. هـەروەها سـەیری سـایتی (المقاتـل) لەسـەر ئەنتەرنێت بەم ناونیشانە بکە:
www.muqatel.com\openshare\Behoth\Mnfsial\socialchan

کۆمەڵگادا، هۆکارن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا نەتوانێت هەنگاو بـەرەو گۆڕانکاری بنێت. بە واتای کۆمەڵگا لە چوارچـێوەیەکدا قـەتیس دەکەن و دەبنـە ڕێگـر لـە بـەردەم هەربیرۆکەیەکـدا کـە بـوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لێبێت.

**٣- بەرژەوەندیە تایبەتیەکان**: هەمیشە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگـەری نێگـەتیڤی دەبێـت لەسـەر بەرژەوەنـدی ژمارەیـەك لـە تاکـەکانی کۆمـەڵگا یـان لەسـەر بەرژەوەندیـەکانی دەسـتە و توێـژێکی دیاریکراو. بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ سەرهەڵدانی بەربەرەکانی لەلای ئەو تاك و دەستە و توێژانە لە بەرامبەر پرۆسـەی گۆڕانـدا. لێـرەدا کاریگـەریی ئـەو بەربەرەکانیـە لەسـەر ڕەوتـی پرۆسـەی گۆڕانەکە دەکەوێتە سەر فراوانی و هێز و توانا و دەستەو توێژەکە لەگەڵ ئاستی بەربەرەکانیەکەیان.

**٤- کەمی داهێنراوە و دۆزینەوە زانستیەکان**: نەبوونی گیانی داهێـان و نوێکردنەوە ئاستەنگێکی دیکەی بـەردەم گـۆڕانی کۆمەڵایەتیـە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ گـەلێك هـۆی وەك: نزمـی ئاسـتی خوێندەواری و زانستی، نەبوونی پێداویستی هەنوکـەیی پاڵنـەر بـۆ داهێنان.....هتد.

**٥- سنوورداری سەرچاوە ئابووریەکان**: کەمی و نەبوونی سەرچاوەی ئـابووری وەك نـەبوونی سـامانی کـانزایی یـان دواکـەوتوویی پیشەسازی، ئاستەنگە لەبەردەم گـۆڕانی کۆمەڵایەتیـدا هەرچـەندە ویستیش هەبێت بۆ گـۆڕان. بۆیـە دەبیـنین گـۆڕان لـە کۆمـەڵگا هەژارەکاندا سستە، بەڵام لەکۆمەڵگا زەنگینەکاندا گۆڕان قووڵ و

بەخێرایی روودەدات.

٦-**ژینگە**: هەمیشە ژینگەی جوگرافی و سروشتی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگاکان بووە. بۆ نموونە شارستانیەتە پێشکەوتوەکانی وەك بابل و فیرعەون، بەرهەمی ژینگەی ئەو ناوچانەن کە لێی پەیدابون، بەواتای لەو شوێنانەدا گەشەیان کردوە کە کەشوهەوای گونجاو بوە، بەڵام کاتێك کەشوهەوا گۆڕانێکی توندی بەسەردا هاتبێت ئەوا ئەو شارستانیەتانەش گۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەردا هاتوە.

٧- **بەربەستە سیاسیەکان**: ئەمانیش بەرۆڵی خۆیان دەکرێن بەدوو بەشەوە:

**یەکەم: بەربەستە ناوەکیەکان**

بەواتای ئەو بەربەستە سیاسیانەی کە پەیوەندییان بە ناوخۆی کۆمەڵگاوە هەیە، کە دەکرێت بەرۆڵی خۆیان دابەشبکرێن بەسەر چەند شێوەیەکدا:

أ- **ئایۆلۆژیای دەوڵەت:** کە کاریگەریەکی فراوانی لەسەر گۆڕانی کۆمەڵگا هەیە، چونکە دەوڵەت لە سۆنگەی ئایدۆلۆژیای دەسەلاتەوە پلانی گەشەپێدانی کۆمەڵگا دادەڕێژێت، بە واتای ئایدۆلۆژیای دەسەلات ئەوە دیاری دەکات کە گەشەپێدانی کۆمەڵگا چەند مەبەستە. چونکە گەشەپێدان پێش هەرشتێکی دیکە، لەرووی داڕشتن و بنیاتنان و جێبەجێ کردن و سەرپەرشتی کردنەوە، پرۆسەیەکی سیاسییە.

ب- **فره نەتەوەیی و کەمایەتی کۆمـەڵگا:** زۆرجـار فرەنەتـەوەیی یـان بـوونی ژمارەیـەکی زۆری کەمایـەتی لـەناو کۆمـەڵگادا دەبێتـە ئاستەنگ لە بـەردەم گۆڕانـدا، چـونکە هـەر هـەنگاوێك بـەرەو گۆڕان لەوانەیە لە لایەن نەتەوەیەك یان کەمایەتیەکەوە بـە پەسـند نـەزانرێت و وا لێکبدرێتـەوە کـە هـەنگاوە بـەرەو لێـدانی بەرژەوەندیەکانی یـان لاواز کردنـی پێگـەی سیاسـی، ئـابووری ....هتد.

ج- **نـەبوونی سـەقامگیری سیاسـی:** هەمیـشە سـەقامگیری سیاسـی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی کۆمەڵایـەتی دەکـات، چـونکە لەسایەی سـەقامگیری سیاسـییەوە، دەوڵـەت دەتوانێـت گـشت تواناکان بـۆ ئەنجامـدانی گـۆڕان تـەرخان بکـات. بەپێـچەوانەوە ناسەقامگیری سیاسی دەبێتە هۆی دابەشبوونی تواناکان لە نێـوان ویستی بەرقەرارکردنی ئاسایش و ویستی گۆڕاندا، بەوەش چانسی ئەنجامدانی گۆڕان لاواز دەبێت.

**دووەم: بەربەستە دەرەکیەکان**

مەبەست لێیان هۆکاری سیاسی دەرەکیە، وەك:

أ- **دەستێوەردانی دەرەکی:** کە لە لایەن ولاتێکەوە، بە مەبەستی کێشە وگرفت نانەوە بۆ گەشـەکردنی ئـابووری، سیاسـی، کۆمەڵایـەتی ولاتێکی دیکە ئەنجام دەدرێت، تا ببێتە رێگر لـە بـەردەم پرۆسـەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا.

ب- **شەڕ**: هەمیشە هەڵایسانی شەڕ لە نێوان دەوڵەتاندا دەبێتە هۆی بە هەدەردانی توانا و سامانی کۆمەڵگاکان و سستکردن و شکست پێهێنانی پرۆسەی گەشەپێدانیان.

لەوەی پێشەوە دەرکەوت کە ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی زۆرن و بەیەکەوە بەستراون، بە شێوەیە ناکرێت لە گرنگەوە بۆ لاوەکی پۆلێنیان بکەین. بەلام ناسینیان بە مەبەستی چارەکردنیان هەنگاوی هەرە لەپێشە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ویستڕا و خوازراو.